# راپۆرتی

## لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکانی راپۆرتی هیومەن رایتس ووچ و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ

**(ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان)**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**لیژنەی لێکۆڵینەوە لە راستییەکان لە کەرکوک**

Updated 2020

ناوەڕۆک:


پێشەکی ................................................................ 3

شێوازی لێکۆڵینەوە ..............................................٦

خاپوورکردنی خانوو و باڵەخانەکان ..................................٨

دەستگیرکردنی هەڕەمەکی .................................... ١٥

راگواستنی زۆرەملێ و گەڕانەوەی هاووڵاتیان.................................. ٢٣

ئازادی هاتووچۆی هاووڵاتیانی سڤیل ................................. ٢٧

پێشنیارەکان بە مەبەستی چارەسەرکردن..................................٣٢

**پێشەکی:**

سەبارەت بە ئەو تۆمەتەی کە لە راپۆرتی هەریەکە لە رێکخراوەکانی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ (لێبووردنی نێودەوڵەتی) و هیومەن رایتس ووۆچ (رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ) هاتووە گوایە ژمارەیەک گوندی هاووڵاتیانی عەرەب لە سنووری پارێزگای کەرکوک لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە خاپوورکراون بە بلدۆزەر تێکدراون لە کاتێکی شەڕی تێدا نەبوو و داعش لەو ناوچانە دەرکرا بوو.

بە گوتەی بەرپرسە ئەمنی و سەربازییەکان بەشێک لە خانووی هاووڵاتیانی ناوچەکە لە کاتی شەڕ و لە ئەنجامی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکان و بۆمبرێژکردنیان وێران بوون، بەڵام بەشێکیشیان لە لایەن هێزە ئەمنییەکان و خەڵکی سڤیلی ناوچەکە بە بلدۆزەر وێران کراون. ئەوەشیان خستەروو کە خەڵکی هەندێک لە گوندەکان لە دێر زەمانەوە دژایەتی کوردیان کردووە، پێشتر زۆربەیان (فدائی صدام) بوون، دواتر پەیوەندییان بە (قاعیدە)وە کرد ئێستاش داعشن و لە گوندەکانی خۆیان خەڵکیان فێرکردووە خۆیان بتەقیننەوە.

لە لایەکی دیکەوە  بەپێی گوتەی خەڵکی ناوچەکە و هۆزە عەرەبەکان پاراستنی بیرە نەوتەکانی ناوچەکە وەک پێویست نییە و  نەبوونی هێزێکی تایبەت بە پاراستنی بیر و بۆریە نەوتەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە چەندین جار لەلایەن تیرۆریستانەوە بتەقێنرێنەوە.

هەر لەم سەردانەدا بەرپرسی ئاسایشی پارتی لە کەرکوک سەبارەت بە رەوشی ئەمنی شارەکە و ئەو رێوشوێنانەی دەگیرێنە بەر ئەوەی خستە روو کە هەماهەنگی نێوان ئاسایشی پارتی و یەکێتی باشە، بەڵام دژە تیرۆر هەماهەنگییان وەکو پێویست نییە، هەروەها (١١) دەزگای ئەمنی سەر بە حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لە کەرکوکدا هەیە بەمەش هەماهەنگی نێوانیان زەحمەت دەبێت.

بەرپرسی  پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوک سەبارەت بە هەماهەنگی ئەمنی نێوان لایەنەکان ئەوەی راگەیاند کە لیژنەیەکی ئەمنی هەیە لەمانەی خوارەوە پێکهاتووە (پارێزگار کە سەرۆکی لیژنەی ئەمنییە، جێگری پارێزگار (عەرەبی سوننەیە)، بەرێوەبەری پۆلیس (کوردە)، هەردوو ئاسایشی پارتی و یەکێتی، بەڕێوەبەری هەواڵگری (تورکمانی

شیعەیە)، بەڕێوەبەری پۆلیسی ناوشار (تورکمانە)، بەڕێوەبەری موخابەرات (عەرەبی سوننەیە) و نوێنەری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک. ئەرکی ئەم لیژنەیە پاراستنی ئەمنییەتی پارێزگاری کەرکوکە و هەموو بڕیارەکان بە هاوبەشی لە نێوان ئەندامانی ئەم لیژنەیە دەردەچێت لەوانەش ئەو بڕیارانەی پەیوەندییان بە دەستگیر کردنی گومانلێکراوانەوە هەیە.

بەڵام لایەنە ئەمنییەکان هەماهەنگییان لەگەڵ دادگاکان وەکو پێویست نییە، چونکە زۆر لە تاوانبار و تیرۆریستان کە دانیان بە تاوانەکانیشیان ناوە لە دادگا ئازاد دەکرێن و زۆر لە دادوەرەکان هاوسۆزن لەگەڵ داعش یاخود ترسیان لێی هەیە بۆیە وەک پێویست رەفتار لەگەڵ تیرۆریستان ناکەن بۆیە زۆر جار لایەنە ئەمنییەکان بە بڕیاری پارێزگار هەڵدەکوتنە سەر گوندەکان بۆ دەستگیر کردنی گومانلێکراوان. سەبارەت بە چۆنیەتی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر تیرۆریست و گومانلێکراوان ناوبرا روونی کردەوە کە دەزگا ئەمنییەکان پشت بە زانیاری هەواڵدەری نهێنی (مخبر سری) دەبەستن دوای ئەوەی لە زانیارییەکان دڵنیا دەبنەوە.

هەروەها هیچ کەسێک بە پشت بەستن بە زانیاری نادرووست دەستگیر ناکرێ بۆ ئەم مەبەستەش چەند مەرجێک بۆ هەواڵدەری نهێنی دانراوە لەوانەش پێویستە فۆرمی خۆراک و رەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانیی کەرکوک بێت، هەروەها پێویستە بە قورئان سوێند بخوات لەسەر راستی زانیارییەکان. سەبارەت بە رێوشوێنەکانی دەستگیرکردن ئاشکرای کرد کە دوای دەستگیرکردنی گومانلێکراوان بۆ ماوەی (٧٢) لەژێر لێکۆڵینەوەدا دەبن و دوای ئەوەی بە بەڵگەوە تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە و دان دەنێت بە تاوانەکەی دەنێت بەپێی ماددەی (٤) لە یاسای دژە تیرۆر تۆمەتبار دەکرێت و دادوەر بانگی دەکات، ئەوانەی دەستگیر دەکرێن مافی هەبوونی پارێزەر و سکاڵا تۆمارکردنیشیان هەیە لە دادگا دژی هێزە ئەمنییەکان.

پارێزگاری کەرکوک ئاماژەی بە هەماهەنگی نەکردنی دادگاکانی کەرکوک لەگەڵ لایەنە ئەمنییەکان ئاشکرای کرد دادوەر ئاستەنگ بۆ لایەنە ئەمنییەکان دروست دەکات، لەلایەکی دیکەوە سەرەڕای هەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر گومانلێکراون، بەڵام دادوەر فەرمانی دەستگیر کردن دەرناکات یان دوا دەخات، بۆیە زۆر جار دەزگا ئەمنییەکان ناچارن فەرمانی دەستگیر کردن لە ئێمەوە وەردەگرن. هەندێک حاڵەتی کوشتن هەبووە لە کاتی دەستگیر کردن دوای ئەوەی لایەنە ئەمنیەکان دڵنیابوون لەوەی کە ئەمانە تیرۆریستن و لە ترسی ئەوەی کە دادوەر بڕیاری ئازادکرنیان بۆ دەرنەکات و لە ئەنجامی شەڕ کردنیان کوژراون، چونکە دادگا فەرمانی ئازاد کردنیان بۆ دەردەکات و دووبارە دەگەڕێنەوە و دەبنە مەترسی بۆ ئاسایشی کەرکوک.

سەبارەت بە دەرکردنی ئەو راگوێزراوانەی روویان لە کەرکوک کردووە پارێزگاری کەرکوک روونیکردەوە کە تەنها لە ساڵی ٢٠٠٦ نزیکەی (٧٠٠٠) خانەوادەی عەرەب هاتوونە کەرکوک و ماونەتەوە کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەی

سەڵاحەددینن و ناگەڕێنەوە، ئاوارەکانی ئەو شوێنانەی کە سوننە و شیعە تێکەڵن ئامادە نین بگەڕێنەوە، بۆ نموونە ساڵێک زیاترە دیالا ئازاد کراوە کەچی خەڵکەکەی ئامادە نین بگەڕێنەوە سەرەڕای ئەوەش کەس بە زۆر نانێردرێتەوە، لە ماوەی دوو ساڵدا حکومەتی عێراق تەنیا (٦) ملیۆن دۆلاری ناردووە بۆ کەرکوک بەڵام بۆ شارێکی وەک نەجەف کە تەنها (٥) هەزار ئاوارەی لێیە نزیکەی (٧٠) ملیۆن دۆلاری ناردووە.

لایەنە ئەمنیەکانی شاری کەرکوک ئاشکرایان کرد کە ئێستا لیوایەکی حەشدی شعبی لە دووری نزیکەی (٥) کیلۆمەتر لە دەوروبەری کەرکوک جێگیرە، بەپێی زانیارییەکان بە شێوەیەکی رێکوپێک کار دەکەن و وەفدیان هەیە بۆ رایی کردنی کارەکانیان لە فەرمانگە حکومییەکان بەتایبەتی لە کۆمپانیای نەوت. جگە لە لایەنە ئەمنییەکانی کەرکوک هەواڵگری حشدی شەعبیش خەڵک دەستگیر دەکەن، هەروەها لە چەندین پرۆسەی هاوبەشی نێوان دژە تیرۆر و هێزە ئەمریکییەکان تاوانباران لە کەرکوک دەستگیر دەکەن و دەیانبەن بۆ هەولێر و سلێمانی و لەو پرۆسانەدا زۆر جار لایەنە ئەمنییەکانی کەرکوک ئاگادار ناکرێنەوە.

هەر سەبارەت بە دەستگیر کردنی گومانلێکراوان و راگواستنی زۆرەملێی خەڵکی ئەم ناوچانە بەرپرسی میحوەر (٤)ی کەرکوک ئەوەی خستە روو کە لە میحوەرەکەیان هیچ شوێنێکیان نییە بۆ دەستگیر کردنی خەڵک و کەس بە زۆرەملێ دەستگیر ناکەن، ئەو کەسانەی کە دڵنیان سەر بە تیرۆریستانی داعشن دەستگیریان دەکەن یان هاوکاری ئاسایش و پۆلیس دەکەن بۆ دەستگیر کردنیان، بەڵام نایاننێرن بۆ کەرکوک چونکە دادگاکانی کەرکوک دووبارە ئازادیان دەکەنەوە. لە سنووری ئیمە لە تەق تەق تا دەگاتە داقوق (١٥٠) گوندی عەرەب نشینی تەعریب هەیە کە گوندەکانی کورد و تورکمانیان داگیرکردووە، بەڵام کەسیان کۆچ پێنەکردووە و مامەڵەی باشیان لەگەڵیان کراوە و بەشێکیان خۆیان شوێنەکانیان جێهێشتووە و هەندێک لە گوندەکان خۆیان چۆڵن و کەسیان تێدا نییە، هەروەها لە حەویجە کە لە دەست داعشدایە نزیکەی (٣٠%)ی دانیشتوانی کۆچیان کردووە بۆ کەرکوک.

بەشێک لە سەرۆکی هۆزە عەرەبەکان و موختاری گوندەکان رایانگەیاند لە کاتی دەستپێکردنی شەڕ لە ناوچەکەیان ژمارەیەک لە دانیشتووانی گوندەکان بێ ئەوەی فەرمانی دادگا هەبێت بۆ دەستگیرکردنیان بۆ ماوەیەک دەستگیرکران کە زۆربەیان قوتابی و فەرمانبەر بوون، بەڵام دوای ئەنجامدان لێکۆڵینەوە ئازادکران، هەروەها دوای گەڕانەوەی خەڵکی هەندێک لەگوندەکان لەسەر دیواری چەند خانووەک نووسرا بوو ( عاشت قوات بدر و عاشت قوات الخوراسانیە).

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە بەرپرسە ئیداری و ئەمنییەکان بە لیژنە راگەیەنراوە هەندێک لەو خەڵکانەی ناوچەکانیان دەکەوێتە هێڵی تەماسەوە یان گومانیان لەسەرە، رێگایان پێنەدراوە بگەڕێنەوە و نێردراون بۆ کەمپەکانی لەیلان و نزراوە بەڵاملە لایەن ئاسایش یەکێتی و پارتی لە کەمپەکان دەرهێنراون و ئێستا ئازادن.

موختار و خەڵکی ناوچەکە لە میانەی چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵیان روونیان کردەوە کە حکومەتی ئیتیحادی هیچ هاوکارییەکی ئەم ناوچەیەی نەکردووە تەنانەت ئەو کارتەی کە بە (کارتی یەک ملیۆنی)ی هاوکاری کردنی راگوێزراوانیش ناسراوە خەڵکی ئەم گوندانەی کە لە راپۆرتەکەی هیومەن رایتس وۆچ و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ئاماژەیان پێکردووە وەریان نەگرتووە. لەلایەکی دیکەوە بەر لە هاتنی داعش پۆلیسی نەوت کە سەر بە حکومەتی ئیتیحادییە بۆ پاراستنی بیرە نەوتەکان رێگای بە خەڵکی ناوچەکە نەدەدا لە دوای کاتژمێر (٧)ی شەو هاتوچۆ بکەین تەنیا لە حاڵەتی تایبەت نەبێت ئێستاش هەمان یاسا پەیڕەو دەکرێت.

**شێوازی لێکۆڵینەوە:**

لیژنەی دۆزینەوەی راستییەکان لە بەردەوامی کارەکانیدا سەر لەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 2016/5/25 بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە راستییەکان لەو ناوچانەی کە شەڕ تێیاندا روویداوە سەردانی میحوەری کەرکوک و دەوروبەری کرد بەتایبەتی ئەو گوند و شارۆچکانەی کە لە راپۆرتی هەریەکە لە رێکخراوەکانی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ (لێبووردنی نێودەوڵەتی) و هیومەن رایتس وۆچ (رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ) ناویان هاتووە.

مەبەست لەم سەردانەش لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لەو تۆمەتانەی ئەم رێکخراوانە لە راپۆرتەکانیاندا ئاراستەی دامودەزگا ئەمنییەکانی ئەم ناوچانەیان کردووە. لیژنەی دۆزینەوەی راستییەکان پێکهاتبوو لە سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجوومەنی وەزیران و ئەندامانی لیژنە لە نوێنەرانی سەرۆکایەتی هەرێم، ئاسایشی گشتی، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی ناوخۆ و سکرتاریەتی لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان سەردانی ئەم ناوچانەیان کرد و چاوپێکەوتنی راستەوخۆیان لەگەڵ بەرپرسانی ئیداری، سەربازی، ئەمنی و خەڵکی ناوچەکە ئەنجامدا.
لە بەشی یەکەمی سەردانەکەدا کە بۆ میحوەری (4)ی کەرکوک رێکخرابوو لیژنەکە چاوی بە بەرپرسی میحوەر، بەرپرسی پۆلیسی قەزا و ناحیەکان، بەرپرسی پۆلیسی ناوشار (بلدة)ی کەرکوک، هەروەها بەرپرسی پۆلیسی گوندەکانی (ئیدریس خەباز، ئیدریس خەزعەل، هیندیەی کۆن، هیندیەی نوێ) کەوت.

هەر لە بەشی یەکەمی سەردانەکەدا لیژنەی دۆزینەوەی راستییەکان سەردانی ئەو گوندانەی کرد کە ناویان لە راپۆرتی رێکخراوی هیومەن رایتس وۆچ دا هاتبوو تاکو لە نزیکەوە واقعەکە وەکو خۆی ببینن و گوێ لە خەڵک و موختاری ئەم گوندانە بگرن بۆ ئەوەی خۆیان باس لە رووداوەکان بکەن بەتایبەتی لە دوای دەرکردنی تیرۆریستانی داعش و ئازاد کردنەوەی ناوچەکانیان لەلایەن هێزی پێشمەرگە و دامودەزگا ئەمنییەکان، بەشی دووەمی سەردانەکە بۆ میحوەری (5)ی کەرکوک رێکخرا، لیژنەکە چاوی بە بەرپرسی میحوەر و چەند بەرپرسێکی سەربازی و ئەمنی ناوچەکە کەوت.

هەر لە میانەی ئەم سەردانەدا چاومان بە بەڕێز پارێزگاری کەرکوک و بەرپرسانی تری ئیداری لە دیوانی پارێزگا کەوت، دواتر سەردانی ئاسایشی کەرکوکمان کرد  و لەگەڵ بەرپرسی ئاسایش و چەند لایەنێکی تری ئەمنی کەوت.

لەم سەردانانەدا لیژنەی دۆزینەوەی راستیەکان تیشکی خستە سەر ئەو تۆمەتانەی کە لە ناوچە ئازادکراوەکان خراونەتە پاڵ دامودەزگاکانی حکومەت وەک کاولکاری و دەرکردنی بە زۆرەملێی خەڵکی ناوچەکە و رێگانەدان بە گەڕانەوە و هاتوچۆی هاووڵاتیان، ئامانجێکی تری ئەم سەردانە وەک بۆ بەرپرسەکانی ناوچەکەمان دیاری کرد بۆ ئەوە بوو واقعی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ئەم ناوچانە و بەرپرسیاریەتی هێزە ئەمنییەکانی کوردستان کە ئەرکی پاراستنی ئەم ناوچانەیان پێ سپێردراوە بخرێتەروو. لە کۆی چاوپێکەوتنەکاندا بارودۆخی ئەم ناوچانە، شەڕ و پێکدادان و ئەو وێرانکاریانەی کە لەم ناوچانە روویانداوە و چۆنێتی هاتوچۆکردن و گەڕانەوەی دانیشتوانی عەرەبی ئەم ناوچانە تاوتوێ کران.

**یەکەم: وێران کردن و خاپوورکردنی خانووی هاووڵاتیان**

لە راپۆرتەکانیاندا هەردوو رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و هیومەن رایتس ووچ باس لەوە کراوە کە ژمارەیەک گوندی هاووڵاتیانی عەرەب لە سنووری پارێزگای کەرکوک لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە خاپوورکراون و دانیشتووانی لەوانەش گوندەکانی( گوبیبە، ادریس خزعل، ادریس خباز، بای حسن، مکتب خالد، هندیەی کۆن، هندیەی نوێ و چەند گوندێکی دیکە) و ئاماژەش بەوە دەکەن کە بەشێک لەو گوندانە دوای ئازادکردنیان لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە بە بلدۆزەر تێکدراون لە کاتێکی شەڕی تێدا نەبوو و داعش لەو ناوچانە دەرکرا بوو.

بەرپرسە ئەمنییەکانی ناوچەکە جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە حاڵەتی شەڕدایە وێرانکاری دەبێت، بەڵام لایەنە ئەمنی و سەربازییەکان خانووی دانیشتووانی ناوچەکەیان بە ئەنقەست تێک نەداوە و ئەوەی روویداوە لە ئەنجامی شەڕ و بۆردوومانی بەردەوام و خۆحەشاردانی تیرۆریستیان داعش و بۆمبرێژکردنی خانووەکانی داعش بووە لەو گوندانەی کە راپۆرتەکان ئاماژەیان پێی کردووە لەوانەش گوندی (گوبیبە)، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکەن کە زۆر شت لە راپۆرتەکاندا باس دەکرێن کە تەنیا مەبەست لێیان زڕاندنی ناوی کورد و پێشمەرگەیە.

لە لای خۆیانەوە خەڵکی ناوچەکە ئاماژە بەوە دەکەن بەشی هەرەزۆری وێرانکاری خانووەکان لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و داعش و بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکان بووە، لە هەمان کاتدا باس لەوەش دەکەن کە دوای ئازادکردنی ناوچەکان و کۆتایی هاتنی شەڕیش ژمارەیەک لە خانووەکانیان بە بلدۆزەر تێکدراون.

**گوتەی فەرماندە سەربازی و بەرپرسە ئیدارییەکانی ناوچەکە:**

**(وەستا رەسوڵ فەرماندەی میحوەری (٤)ی کەرکوک)**

ئێمە ناڵێین هیچ خانوویەک نەڕووخاوە یاخود تێکنەدراوە، بەڵام رووخانی ئەم خانووانە زیاتر بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکان و بۆمب باران کردنی پێشمەرگە بووە لە کاتی شەڕی بەرگری کردن و ئازادکردنەوەی ئەم ناوچانە، چونکە تیرۆریستانی داعش هەندێک لە خانووەکانیان کردبوو بە سەنگەری خۆیان و تێیدا دژی پێشمەرگە شەڕیان کردووە. ئەمە جگە لەو خانووانەی کە داعش بۆمبرێژی کردوون و تەقاندونیەوە و زیانێکی زۆریان بە گوندەکان گەیاندووە تەنانەت لەو خانووانەی کە داعش تەقاندویەتەوە ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون.

هەندێک لەو گوندانەی کە دەڵێن دوای ئازادکردنی ناوچەکان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە تەقێنراوەتەوە، هیچ خەڵکی مەدەنی تێدا نەبوو و ئێستاش چۆڵن و تێک نەدراون بۆ نموونە گوندی (مریەم بەگ) هیچی تێکنەدراوە، بەڵام ئێستا

کەسی تێدا ناژی بە هۆی ئەوەی نزیکە لە هێڵی تەماس و دەکەوێتە ناوچەی نێوان سەنگەرەکانی پێشمەرگە و پرۆژەی ئاودێری کە بە (مشروع ری صدام) ناسراوە واتە لە پشت سەنگەرەکانی پێشمەرگەیە و زۆر جار لەلایەن داعشەوە بە هاوەن بۆمب باران دەکرێ بۆیە گەڕانەوەی خەڵکەکەی زۆر زەحمەتە، چونکە لەلایەک ژیانیان دەکەوێتە مەترسی لە لایەکی دیکەشەوە کار و ئۆپەراسیۆنەکانی پێشمەرگە زەحمەتتر دەکەن بەڵام گوندی (نهروان) کە ئەویش دەکەوێتە هەمان ناوچەوە لە ئەنجامی شەڕدا وێران بووە و ئێستا کەسی تێدا ناژی.

لە گوندی (مکتب خالد) هەر لە یەکەم رۆژی هێرشی پێشمەرگە بە هاوکاری فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان خانووەکانیان وێران کران و دواتر رۆژی 2015/11/20 لە رێگای ئەم گوندەوە هێرش کرایە سەر گوندی (تل الورد). لە جاری دووەم کە هێرشمان کرد نیو کاتژمێر بەر لە هێرشەکە داوامان لە خەڵکی کرد گوندەکە چۆڵ بکەن بۆ ئەوەی ژیانیان پارێزراو بێت، چونکە فڕۆکە جەنگییەکان و پێشمەرگەش بۆردومانی مۆڵگەکانی داعش دەکەن، جگە لەمە تیرۆریستانی داعش گشت خانووەکانیان وەک زنجیرەیەک بۆمبڕێژ کردبوو، هەروەها (٤-٥) ئۆتۆمبێلی مێرپێژکراویان تەقاندەوە کە بووە هۆی وێران کردنی ژمارەیەکی زۆری خانووەکان.

ناتوانین بڵێین کاری نابەجێ ئەنجام نەدراوە، بۆ نموونە من خۆم هاووڵاتییەکم بینی لەسەر شۆفڵێک دوای ئەوەی گرتم و لێم پرسی بۆ کوێ دەچی؟ بە ئاشکرا گوتی: دەچم ئەو گوندانە دەڕووخێنم بەڵام رێگامان پێیان نەدا. بەشێوەیەکی گشتی کاری تێکدەرانە روویداوە بەڵام رەفتاری تاکە کەسی بووە نەک بەرنامە بۆداڕێژراو.

**<u>(دکتۆر کەمال کەرکوکی بەرپرسی میحوەری (٥)ی کەرکوک)</u>**

ئەوەی من تێبینیم کردووە ئەوەیە کە لەلایەن هەندێک لە کارمەندانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ زڕاندنی ناوی کورد و پێشمەرگە، بۆیە لە دادگا بە فەرمی سکاڵا دژی هەندێکیان بەرز دەکەینەوە چونکە زۆر شت لەم راپۆرتانەدا باس دەکرێن کە دوورن لە راستییەوە. سەبارەت بە رووخاندنی خانووەکانیش، ئێمە ناڵێین هیچ خانوویەک نەرووخاوە بەڵام هۆکاری رووخانەکەی چی بووە ئەوە گرنگە چونکە هەندێک خانوو لە ئەنجامی شەڕ و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکان و مینڕێژکردنیان لەلایەن داعشەوە تێک دەدرێن کە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- گوندی (بای حسن) سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەک لە دانیشتوانی هاوسۆزی داعشن و هاوکارییان دەکەن، بەڵام خانووەکانیان تێکنەدراوە.

- گوندی (گوبیبە) کە بەر لە شەڕ(٢٠٠) ماڵ بوو، لە سەردەمی رژێمی سەدام حوسێن هەموویان (فدائی صدام) بوون و دوای رووخانی رژێمی سەدام پەیوەندییان بە رێکخراوی تیرۆریستی (القاعدە)ـەوە کرد و بارەگای سەرەکییان لەوێ بوو و ئێستاش خەڵکەکەی هاوکارییەکی زۆری داعش دەکەن و هەر لەو گوندەوە (٦٥) رۆکێتی

کیمیاویان هێنا بۆ ئەوەی لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەی بدەن. جگە لەمانەش ئەوان لەم گوندەوە خەڵکیان ئامادە کردووە و راهێنانیان پێکردوون سەبارەت بە چۆنیەتی خۆتەقاندنەوە و ناردنیان بۆ ئەوەی بچن لە ئیسرائیل خۆیان بتەقێننەوە. بەشی هەرە زۆری خانووەکانی ئەم گوندە بە تەواوی رووخاوە و ئەویش لە ئەنجامی بۆردومانی سەختی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان، چونکە شەڕ لەو گوندەدا روویداوە و داعش خۆیان تێیدا حەشاردابوو. ئێمە کۆمەڵێک بەڵگەی ڤیدیۆییمان لەبەردەستدایە  کە چۆنیەتی رووخانی خانووەکانی ئەم گوندە دەردەخات.

بۆ رزگارکردنەوەی گوندی (گوبیبە) ئێمە ئۆپەراسیۆنەکانی (دووپشک یەک، دوو و سێ و مار یەک)مان ئەنجامدا و سەرکەوتنی باشمان بەدەستهێنا، بەڵام دواتر (٣) جار هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن فڕۆکەی جەنگییەوە بۆردومان کران لە رۆژانی 27-2014/10/28  و لە رۆژی 2014/11/1 هێزەکانی بەڕێز حوسێنی یەزدان پەنا تەقەیان لێ کردن کاتێک هاوپەیمانانمان لەو بۆردوومانەی فڕۆکە جەنگییەکان ئاگادار کردەوە وتیان ئەم فڕۆکانە لە جۆری (ڤانتۆم)ن و فڕۆکەکانی ئێمە نین، هەروەها سوپای عێراقیش لەو جۆرە فڕۆکانەی نییە، جا نازانین ئەم فڕۆکانە هی کێ بوون. مەبەستی ئەوان لەم بۆردوومانە شکست پێهێنانی پێشمەرگە و راگرتنی سەرکەوتنەکانی بوو . سوپاس بۆ خوا کە لە ئەنجامی ئەو بۆردومانە هیچ شەهید و بریندارمان نەبوو.

**رەوشی بەشێک لە گوندەکانی میحوەری (٥)ی کەرکوک بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

- گوندەکانی (وحدە،خالد) ناوچەی شەڕن و بەشی هەرە زۆری خەڵکەکەی پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و بەشێکی خانووەکانیان تێکدراوە چونکە لە ساڵی 2014 لە (وحدە) هێرشیان کردە سەر هێزی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی تر، شەڕێکی گەورە روویدا و پۆلیسێک شەهید بوو کە تا ئێستاش لاشەی دیار نییە.
- گوندی (تل الورد): شەڕێکی گەورە لە نێوان پێشمەرگە و تیرۆریستان لەو گوندە روویدا و تێیدا (١٦٧) لاشەی تیرۆریستان بەجێما دواتر لە ٢٠١٥/١/٣٠ تیرۆریستان هێرشێکی گەورەیان کردەوە سەر گوندەکە و لەو هێرشەدا هێزی پێشمەرگە (٦) شەهید و (١٢) برینداریان هەبوو بۆ رۆژی دواتر واتە لە ٢٠١٥/١/٣١ ئێمە هێرشمان کردەوە سەر تیرۆریستان و لە ئاکامدا  نزیکەی (٤٥٢) تیرۆریست کوژران کە بەشێکی زۆریان ئەمیر و لەوانەی (٢٤) بیانی بوون و لە وڵاتانی ( سوریا، سعودیە، تونس، ئەفغانستان، فەرەنسا،  و چەندین وڵاتی دیکەی ئەوروپا) هاتبوون.

بۆ تۆڵەسەندنەوە لە شکستەکەیان تیرۆریستان داعش تۆنێلێکیان هەڵکۆڵی بە درێژایی (١٨٠) مەتر لەژێر قوتابخانەیەکی گوندی (تل الورد) کە بەشێوەیەکی زۆر رێکوپێک درووستیان کردبوو و مەبەستیان بوو لەژێر  ئەم تۆنێلەوە بێن بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە و گورزێک لە هێزەکانمان بدەن، بەڵام ئێمە دۆزیمانەوە و وێنە

و ڤیدیۆی تۆنێلەکەشمان هەیە، لە ئاکامی ئەم شەڕە زۆرانەی کە لەو گوندە روویانداوە و بۆردوومان فڕۆکە و هێرشی پێشمەرگە و مینرێژکردنیان لەلایەن داعش و خۆحەشاردنەوەیان بەشێکی زۆری خانووەکانی رووخاوە.

- لە گوندەکانی (سمایلاوە و منصوریە) بڕێکی زۆر (TNT) و مین دەستی بەسەردا گیراوە تەنانەت لە هەندێک شوێن کارگەی درووستکردنی تەقەمەنییان هەبووە.
- گوندی (سید خلف) یەک ترێلە کە بە (TNT) بۆمبرێژکرا ئامادە کرابوو بەمەبەستی تەقاندنەوە دەستی بەسەرداگیرا، کە لەلایەن تیرۆریستانەوە ئامادە کرابوو.
- گوندی (عطشانە) کە زۆر باسی دەکرێت، ئەم گوندە ئێستاش لەژێر کۆنترۆڵی داعشدایە و هیچ خانوویەکی تێکنەدراوە.
- گوندێکی دیکە هەیە لەم ناوچەیە کە بنکەیەکی سەرەکی داعشە و نیوەی خەڵکەکەی ئەندامی داعشن و هەندێکیان ئەمیرن بۆیە مەترسییەکی زۆریان بۆ سەر هێزی پێشمەرگە هەیە لە هەموو روویەکەوە، بۆ ئەوەی ئەم مەترسییە لەسەر هێزەکانمان نەمێنێت داوامان لێکردن کە بارەگای پێشمەرگە لەو گوندە بکرێتەوە و داعشیش لەوێ نەمێنێت بەڵام گوتیان نابێ بە هیچ شێوەیەک پێشمەرگە بێتە نێو گوندەکەمان و داعشیش ناڕوات و لێرە دەمێننەوە، ئێمەش ناچار بووین بە هاوکاری تۆپخانە و فڕۆکەی هاپەیمانان لێیان بدەین و پاشان لە ئەنجامی شەڕێکی قورس ژمارەیەک خانوو رووخان و (١٠) پێشمەرگەمان شەهیدبوون، ئێستاش ئەم گوندە بە ناوچەی شەڕ دادەنرێت و ماوەماوە بە هاوەن سەنگەرەکانی پێشمەرگە بۆمب باران دەکەن.
- سەبارەت بە گوندی (بای حسن) هیچی تێکنەدراوە و گرفتیان نییە زۆریش باس لەوە دەکرێ کە ئەم گوندە تێکدراوە و ئازاری خەڵکەکەی دراوە بۆنموونە چەند رێکخراوێک هاتن دوای ئەوەی بارودۆخەکەمان بۆیان شیکردنەوە و پیشانماندان کە بە مەبەست هیچ خانوویەک تێکنەدراوە گوتیان "حەز دەکەین خەڵکی گوندەکە ببینین" ئێمەش هاوکاریمان کردن و چوون سەردانی خەڵکەکەیان کرد بۆ ئەوەی دڵنیا بنەوە لە قسەکانمان، هەرچەندە (٨) کەسی خۆکوژ خۆیان لەو گوندە حەشاردا بوو یەکێکیان ئەو تیرۆریست بوو کە تەقینەوەکەی (دبس) ی ئەنجامدا. لە دوای هێرشی داعش بەشێک لە خەڵکی گوندی (بای حسن) هاتن بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی هەرێم و بەشێکی دیکەشیان خۆیان داعش بوون و ئێستا لە ریزەکانی داعشەوە شەڕ دەکەن.
- لە میحوەری ئێمە هیچ گوندێکی کورد لە دەست داعشدا نەماوە و (٢٥) گوندی عەرەبەکانی ناوچەکەشمان لە دەستی داعش رزگار کردووە، هەروەها تا ئێستا هیچ دیلێکمان لەلای داعش نییە.

**(عەقید مەحمود جێگری فەرماندەی میحوەری چواری کەرکوک)**

هەمیشە لایەنە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن رێکخراوەکانەوە بە تێکدانی خانووی هاوولاتیانی عەرەب تۆمەتبار دەکرێن، تەنانەت لەو شوێنانەش کە تیرۆریستانی داعشیش تێکیان دەدەن ، بۆ نموونە لە ناوچەی بشیر لە ئۆردوگای البومفرج (٨٧) ماڵ و لە کۆمەڵگای معامره (٦٥) ماڵ تێکدراون کە هەموویان لەلایەن داعشەوە وێرانکراون، کەچی رێکخراوەکان بێ ئەوەی لە رووداوەکان وردبنەوە رایدەگەیەنن کە کورد ئەم ناوچانەی تێکداوە.

**(عەمید سەرحەد قادر بەرپرسی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوک)**

بەشێکی ئەو گوندانەی کە باس دەکرێن ئێستا هیچ خەڵکی تێدا ناژی، بۆ نموونە گوندی (مکتب خالد) بەشێکی خەڵکەکەی چوونەتە حەویجە یان هاتوونەتە کەرکوک و بەشێکی دیکەشیان چوونەتە نێو داعش، لەم گوندەدا شەڕی قورس لە نێوان پێشمەرگە و تیرۆریستانی داعش روویداوە. هەر لە گوندی(مکتب خالد)ـەوە تیرۆریستان (٤) ئۆتۆمبێلی بومبڕێژکراویان بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە نارد، بەڵام لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانانەوە تەقێندرانەوە.

لە گوندەکانی (وحده و سەعد)یش شەڕی قورس روویداوە و هەر لەو گوندەوە (٢٣) پێشمەرگە بە دیل گیراون، هەروەها کارمەندێکی پۆلیس بە دەستی تیرۆریستان شەهید کراوە و تا ئێستاش لاشەکەی نەدۆزراوەتەوە.

لە هەندێک گوند و شارۆچکە خانووی هاووڵاتیان تێکدراوە و هۆکاری تێکدانەکەیش جۆراوجۆرن و رەنگە هەندێکیان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە تێکدرا بن، بەڵام زۆریان لە ئەنجامی شەڕ و بۆردوومانی فڕۆکەی هاوپەیمانان و مینڕێژکردن تێکدراون و هەندێکی دیکەشیان داعش خۆیان کاتێک هێرشیان کرد تێکیانداوە.

**(دکتۆر نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک)**

لە میحوەری (٥) ی کەرکوک (کە بەڕێز دکتۆر کەمال کەرکوکی سەرپەرشتی دەکات) سەرپێچی زۆر کراوە سەبارەت بە تێکدانی خانووی هاووڵاتیانی دانیشتووی ناوچەکە، هەموومان دەزانین بارودۆخی شەڕ جیاوازە و رەنگە زۆر شت رووبدات کە لە دەسەڵاتی کەسدا نەبێت ئەمەش بۆ سروشتی شەڕ دەگەڕێتەوە کە بریتییە لە ماڵوێرانی. سەرەڕای ئەمەش ناکرێ تێکدانی خانووی خەڵک بکرێتە بیانووی حاڵەتی شەڕ و ئەمە زیانێکی زۆرمان پێدەگەیەنێت و رووبەرووی گرفتی زۆرمان دەکاتەوە تەنانەت کاریگەریی لەسەر ناوبانگی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی کوردستانیش هەیە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی تێڕوانینی لایەنە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەرێمی کوردستان بگۆڕێت و کارێک دەکات دانیشتوانی ئەم گوندانە روو لە کەرکوک بکەن و لە ئەنجامدا چەندین گەڕەکی نوێی عەرەبەکان لە ناو شاری کەرکوک درووست بووە، بەشێک لەو راگوێزراوانە دەنێردرێن بۆ کەمپەکانی (لەیلان و نزراوه) و دواتر لە رێگای کەسانێکی ناوەوە و دەرەوەی کەمپەکان دێنە ناو شاری کەرکوک.

لەبارەی گوندی(حومەیرە)وە کە دوای دەرچوونی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ئازاد کراوە, من خۆم چووم بۆ ئەو گوندە لەگەڵ ئامر لیوای ئەو ناوچە دانیشتم و پێی گووتم کە خەڵکی ئەو ناوچە خەڵکێکی زۆرباش بوون و زۆر هاوکارمان بوونە لە پێدانی زانیاری دەربارەی داعش، بەڵام لەلایەن پێشمەرگەوە ماڵەکانیان وێران کراوە دواتر دەرکراون لە کاتێکدا پێویستی بەوە نەدەکرد ئەو زوڵمەیان لێبکەن.

**(عەقید غەریب بەرپرسی پۆلیس ناوچەکانی ادریس خەباز و ادریس خزعل و هندیە کۆن و نوێ)**

هێزە ئەمنییەکان و پێشمەرگە هیچ گوندێکیان بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو تێکنەداوە، بەڵام لە گوندەکانی (ادریس خەباز، ادریس خزعل، هندیەی کۆن، هندیەی نوێ) شەڕی قورس روویداوە و فڕۆکەکانی هاوپەیمانانیش بۆردومانیان کردووە و ئێستا ئەو گوندانە خەڵکی تێدا دەژی و بەگوێرەی توانا هاوکاریشمان کردوون.

**(لیوا هەڵۆ نەجات بەرپرسی ئاسایشی پارتی لە کەرکوک)**

زۆر لە راپۆرتەکان باس لە تێکدانی گوندی (وەحدە) دەکەن، ئەم گوندە ماوەی تەنیا یەک کیلۆمەتر لە رێگای هاملتۆنەوە نزیکە و تیرۆریستان لەو گوندەوە شەڕیان کردووە و هەڕەشەی گرتنی ئەم رێگایەشیان دەکرد، بۆیە تێکدانی ئەم گوندە زیاتر بۆ بوونی حاڵەتی شەڕ دەگەڕێتەوە، بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکان و روودانی شەڕی قورس تێیاندا دەگەڕێتەوە.

**گوتەی خەڵکی ناوچەکە و هۆزە عەرەبەکان:**

**(شێخ صباح نجم الدین شێخی گوندی هندیەی نوێ)**

لە گوندی ئێمە هیچ خانوویەک تێکنەدرا، چونکە داعش نەگەیشتە ئێرە بەڵام دوای ئەوەی داعش هێرشیان کردە سەر ناوچەکە پێشمەرگە هاتن و لە گوندی ئێمە جێگیر بوون بۆ ئەوەی بەرپەرچی هێرشەکانی داعش بدەنەوە و هێرش بکەنە سەریان بۆ رزگار کردنی ئەو گوندانەی دەستیان بەسەردا گرتبوو لە ناوچەکە، ئێمەش دەرگای ماڵەکانمان بۆیان کردەوە و هیچ یەکێک لە هێزە ئەمنییەکان پێشێلکارییان لەم گوندەدا ئەنجام نەداوە.

کە داعش هێرشی کرد، خەڵکی گوندی هندیەی کۆن رایانکرد و بەرەو ناوچەکانی ئێمە هاتن و لە ئەنجامی ئەو شەڕەی روویدا و لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەکان هەندێک لە خانووەکانیان تێکدران هەروەها داعشیش هەندێک خانووی تێکدابوو. ئێستا خەڵکی گوندی هندیەی کۆنیش گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و هیچ گرفتێکیان نییە.

راستییەک هەیە سەبارەت بە رووداوەکانی ئەم ناوچەیە بە گشتی ئەویش ئەوەیە کە هۆکاری سەرەکی گرفتەکانی ئەم ناوچەیە و تێکدان و راگوێزران و دەستگیر کردن و کوشتن تیرۆریستانی داعشن، چونکە پێشتر گرفتمان نەبوو،

ئەوان هەوڵیاندا برایەتی نێوان پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە تێکبدەن و گرفت بۆ هەموو لایەک درووست بکەن، بەڵام هێزە ئەمنییەکان و پارێزگای کەرکوک هاوکارییەکی زۆری ئێمە دەکەن و یارمەتیشمان دەدەن و دەتوانم بڵێم ئێستا ئێمە لە سەردەمی زێڕینی خۆمان دەژین و بارودۆخی ناوچەکە سەقامیگرە.

ئێمە تەنها یەک داخوازیمان هەیە ئەویش پاراستنی بیرە نەوتەکانی ئەم ناوچەیەیە کە ژمارەیان (49) بیرە، لەبەر نەبوونی هێزی پاراستنی پێویست ماوە ماوە تیرۆریستانی داعش دەیانتەقێننەوە بۆ نموونە بەر لە چەند رۆژێک بیری (خباز) بۆ جاری دووەم تەقێندرایەوە. ئەگەر لایەنە ئیداری و سەربازییەکانی ناوچەکە رۆڵەکانمان دابمەزرێنن بۆ پاراستنیان سوودێکی باشی بۆ هەردوو لا دەبێت، ئەگینا ئێمە ئامادەین بە پارەی خۆمان ئەرکی پاراستنیان بگرینە ئەستۆ.

**(علی احمد خلف الجبوری موختاری گوندی هندیەی کۆن)**

ئەم گوندە لە (٧٥) ماڵ و نزیکەی (٥٠٠) کەس پێکدێت، بەر لە ساڵی (١٩٧٥) کورد و عەرەب پێکەوە دەژیان دواتر کوردەکان گوندەکەیان جێهێشت و نەگەڕانەوە. پێش ئەوەی داعش هێرش بکات نزیکەی (١٥٠) پێشمەرگە لێرە بوون دواتر داعش هێرشی کردە سەر گوندەکەمان، سەرەتا بە هاوەن بۆمب بارانیان کرد و لە ئەنجامی شەڕدا چەند خانوویەک تێکدران، بەڵام ئێمە گوندەکانی خۆمان جێنەهێشت و ماینەوە.

**(اسود بنیان سلطان موختاری گوندی ادریس خزعل و زهیر اسود سلطان ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی یایجی)**

گوندی (ادریس خزعل) لە (٨٤) ماڵ پێکدێت و لە 2015/2/1 لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئازاد کرا، یەکێکە لەو گوندانەی کە لە ئەنجامی شەڕەوە زۆرترین زیانی بەرکەوتووە، چونکە نزیکەی (٧٥ %)ی ماڵەکان تێکدراون. لە کاتی تێکدانی خانووەکانمان ئێمە گوندەکەمان جێهێشتبوو و ئەو کاتەی ئەم گوندە تێکدرا کەسمان لێرە نەبووین و بە گوێرەی قسەی لایەنە ئەمنییەکان بەشێکی زۆری خانووەکانمان بە هۆی خاوێن کردنەوەی لە مین و تەقەمەنی خانووەکان تێکدراون.

**(برهۆ خلیل ابراهیم موختاری گوندی ادریس خباز)**

دانیشتوانی گوندی (ادریس خباز) نزیکەی (١٢٠) خێزان دەبین و لە دوای هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەکەمان خەڵکی گوندەکە ماڵی خۆیان جێ هێشت و تەنیا چەند کەسێکی بەساڵاچوو لە گوندەکەدا مانەوە، دوای گەڕانەوە و ئەو شەڕەی کە روویدا لەو ناوچەیە (٧٠) خانوو تێکدران، ئەوانەی خانووەکانیان تێکدراوە هەموویان گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان تەنیا یەک کەس نەبێت بە ناوی (نوری).

دوای ئازاد کردنی گوندەکەمان چەند کەسێک هاتن بە شۆفڵ هەندێک لە خانووەکانیان تێکدا، یەکێک لەو خانووانەی تێکدران هی کچەکەم بوو کاتێک شۆفلێک خانووەکەی بەسەریاندا رووخاند خۆی و کوڕەکەی لە مەتبەخ بوون و بووە هۆی بریندار بوونی کچەکەم و کوڕە تەمەن پێنج ساڵانەکەی. دوای گواستنەوەیان بۆ نەخۆشخانەی (رزگاری) لە کەرکوک من تەلەفۆنم بۆ برادەرێکی خۆم کرد لەو نەخۆشخانەیە کار دەکات و کوردیشە و لە هەواڵی کچەکەم و کوڕەکەیم پرسی، پێی وتم: کچەکەت لەگەڵ لاشەی منداڵەکەی لێرەن، بەڵام لە نەخۆشخانە بە (داعش)ناویان تۆمار کراوە، بۆیە باش نییە تۆ بێی بۆ ئێرە.

**دووەم: دەستگیرکردنی هەڕەمەکی(أعتقال اعتباطی)**

رێکخراوی هیومەن رایتس ووچ لەسەر زاری دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە ژمارەیەک لە کەسوکاریان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەبێ فەرمانی دادگا دەستگیرکراون و نە فەرمانی دەستگیرکردنیان نیشاندراوە و نە هیچ تۆمەتێکیان ڕووبەڕووکراوەتەوە و لە ماوەی جیاجیا دەستگیرکراون. بەپێی راپۆرتی رێکخراوەکە خەڵکی ناوچەکە رووبەرووی مامەڵەی خراپ و شێوازی جۆراوجۆری ئەشکەنجەدان بوونەتەوە لەکاتی دەستگیرکردنیان، هەروەها باس لە دەرکردنی زۆرەملێی خەڵکی ناوچەکە دەکات. هیومەن رایتس ووچ چەندین رێکخراو و لایەنی دیکەی نێودەوڵەتی ئەم رەفتارانە بە پێشێلکاری مافی مرۆڤی دادەنێن کە پێویستە چارەسەر بکرێ.

بەرپرسە ئەمنییەکانی ناوچەکە ئەوە پشت راست دەکەنەوە لە کاتی روودانی شەڕ هەندێک کەس دەستگیر کراون، بەڵام دواتر دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ئەوانەی کە بێتاوانن ئازاد دەکرێن و ئەوانەی کە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبێت بەپێی مادده (٤)ی یاسای دژە تیرۆر رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت.

خەڵکی ناوچەکە باس لەوە دەکەن دوای ئازاد کردنەوەی گوندەکانیان و گەڕانەوەی دانیشتووانەکەی سەرەتا بە کۆمەڵ ژمارەیەکی زۆریان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکران، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە ئازاد کران، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان تا ئێستا ئازاد نەکراو ئەوانیش دانیان بە تاوانەکانیان ناوە یان دەستیان لە کردەوە تیرۆریستییەکاندا هەبووە.

**گوتەی بەرپرسە حکومی و ئیدارییەکانی ناوچەکە**

**<u>(وەستا رەسول فەرماندەی میحوەری چواری کەرکوک)</u>**

ئێمە خەڵکمان دەستگیر نەکردووە، چونکە لە میحوەرەکان بەندیخانەمان نییە بۆ گرتن و هێشتنەوەی هیچ کەسێک، هەروەها بە هیچ شێوەیەک پێشمەرگە نانێرین بۆ ناو شار بەمەبەستی دەستگیرکردنی کەس، بەڵام هەندێک کەس هەن داواکراو یان گومانلێکراون و کاری تیرۆریستانە ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە ژمارەیەک خەڵکی ناوچەکە بەر لە چەند رۆژێک بۆ جاری دووەم بیرە نەوتییەکانی (خباز)یان تەقاندۆتەوە و مەبەستیان لەمە نانەوەی پشێوی بووە. ئێمە

وەکو پێشمەرگە هاوکاری دەزگا ئەمنییەکان دەکەین بۆ دەستگیرکردنیان بەتایبەتی پۆلیس دوای ئەوەی فەرمانی دادگا دەردەچێت بۆ دەستگیر کردنیان.

**(عەمید سەرحەد قادر بەرپرسی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوک)**

لە پارێزگای کەرکوک لیژنەیەکی ئەمنی هەیە کە لەمانەی خوارەوە پێکهاتووە (پارێزگار کە سەرۆکی لیژنەی ئەمنییە،جێگری پارێزگار (عەرەبی سوننەیە)، بەڕێوەبەری پۆلیس (کوردە)، هەردوو ئاسایشی پارتی و یەکێتی، بەڕێوەبەری هەواڵگری (تورکمانی شیعەیە)، بەڕێوەبەری پۆلیسی ناوشار (تورکمانە)، بەڕێوەبەری موخابەرات (عەرەبی سوننەیە)، نوێنەری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک). ئەرکی ئەم لیژنەیە پاراستنی ئەمنییەتی پارێزگاری کەرکوک هەموو بڕیارەکان بە هاوبەشی لە نێوان ئەندامانی ئەم لیژنەیە دەردەچێت لەوانەش ئەو بڕیارانەی پەیوەندییان بە دەستگیر کردنی گومانلێکراوانەوە هەیە.

زۆر جار کەسانی تاوانبار کە دانیان بە تاوانەکانیان ناوە لەلایەن دادوەرەوە بە بیانووی جیاجیا ئازاد دەکرێن ، کەسانێک هەبوون کە تەقەمەنیان بەدەستەوە بووە لە کاتی دەستگیرکردنیان، بەڵام دواتر ئازاد کراوە هەروەها زۆر جار ئەفسەری لێکۆڵینەوە لەلایەن دادوەرەوە بە بیانووی مامەڵەی خراپ لەگەڵ دەستگیر کراوەکان سزا دراوە ، بۆیە بە بەردەوام لە دادگا ئاستەنگمان بۆ درووست دەکرێت بۆ بەڕێوەچوونی کارەکانمان. بۆ نموونە لە ماوەی شەش مانگدا (٦٢) کەس کە بە تاوانی تیرۆر دەستگیر کرابوون لەلایەن دادوەرەوە ئازاد کران، هەروەها پێش ماوەیەک کەسێکی بە ئایین مەسیحی پێی راگەیاندین دوای ئەوەی باوکی بۆتە موسڵمان لە ماڵەکەیاندا تەقەمەنی بینیوە، کاتێک هەڵمانکوتایە سەر ماڵەکەیان و تەقەمەنیمان دۆزییەوە کە ئەمەش باشترین بەڵگەیە، کەچی دادوەر باوکی کوڕەکەیان ئازاد کرد بۆیە لەبەر درووستکردنی ئەم ئاستەنگانە و هاوکاری نەکردنی دادوەر لەگەڵمان زۆر جار بە ڕەزامەندی جەنابی پارێزگار گومانلێکراوان دەستگیر دەکەین.

دوای ئەوەی لایەنە ئەمنییەکان زانیاری تەواو لەسەر گومانلێکراوان دەدەن بە دادوەر، دادوەر ڕەزامەندی دەدات بە دەستگیرکردنی گومانلێکراوان، فەرمانی دەستگیر کردنیان بۆ دەردەچێت بەم پێیەش ڕێگامان پێدەدات بە گرتن و پشکنین و بەدواداچوونی گومانلێکراوان. دوای دەستگیرکردنی گومانلێکراوان بۆ ماوەی (٧٢) لەژێر لێکۆڵینەوەدا دەبن و دوای ئەوەی بە بەڵگەوە تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە و دان دەنێن بە تاوانەکەیان بەپێی ماددەی (٤) لە یاسای دژە تیرۆر تۆمەتبار دەکرێت و دادوەر بانگی دەکات، ئەوانەی دەستگیر دەکرێن مافی هەبوونی پارێزەر و سکاڵا تۆمارکردنیشیان هەیە لە دادگا دژی هێزە ئەمنییەکان.

ڕێوشوێنی تایبەت بە دەستگیرکردن بەم شێوەی خوارەوەیە:

- گەڕان و پشکنین لەو ناوچانە کە کردەوە تیرۆریستیەکە تێیدا ڕووی داوە.
- کۆکردنەوەی زانیاری و داتای ورد لەسەر تۆمەتبار و تیرۆرستەکان و دیاریکردنی شوێنەکانیان.
- وەرگرتنی ڕەزامەندی بەرپرسی پۆلیسی پارێزگای کەرکوک.
- وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەری لێکۆڵینەوە.
- پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش کە لە گشت پێکهاتەکانی شارەکە پێکهاتووە (کورد، عەرەبی شیعە و سوننە، تورکمان) بۆ هەڵکوتانەسەر تاوانباران و دەستگیرکردنیان.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە گەڵ تاوانبار و دەستگیرکراوەکە.

هەموو ئەو کەسانەی دەستگیر دەکرێن یاخود سزا دەدرێن لەسەر بنەمای یاسایی سزادەدرێن و بەو هۆیەوە دەستگیر دەکرێن کە چەندین بەڵگەیان لە سەرە و ئەمانەش کۆمەڵێک نموونەی نوسراوی دەستگیرکردن، لێکۆڵینەوە و سزادان بە فەرمانی دادوەرن:

❖ نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک/ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزاو ناحیەکان ژمارە 16265/ لە2015/11/10 و نووسراوی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە: 4273 لە 112015/12 سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو تیرۆریستانەی هەستابوون بەتەقاندنەوەی خاڵی پشکنینی دەروازەی قەزای(دبس) و بینایەی قائیمقامیەتی قەزاکە.
❖ نووسراوی ژمارە 6613 لە 2016/5/22 سەبارەت بە دەستگیرکردنی تیرۆریست (طە عبدالواحد جاسم) کە هەڵساوە بە کوشتنی زیاتر لە 20 کەس لە پارێزگای بەغدا.
❖ نووسراوی دەستگیرکردنی تاوانبار ژمارە 6695 لە 2016/5/23 سەبارەت بە ئەنجامدانی چەند تەقینەوەیەک لە بیر و هێڵەکانی گواستنەوەی نەفتی کێڵگەی (خەباز) و هێڵەکانی نزیک گوندی قەرەتەپە و دیبک تەپە و فەرمانی دەستگیرکردنیان و شوێنەکەیان. هەروەها نووسراوی هەڵکوتانە سەر تاوانباران ژمارە 6573 لە 2016/5/19.
❖ نووسراوی دەستگیرکردنی تاوانبار ژمارە 6732 لە 5/24/ 2016 سەبارەت بە هەڵگرتنی چەک و کۆگای تەقەمەنی لە ماڵی هاووڵاتیەکی مەسیحی کە موسڵمان بووە.
❖ نووسراوی سزادراوان ژمارە 6785 لە 2016/5/26 تایبەت بە ئەو تیرۆریستانەی کە ئامادەکاریان کردووە بۆ کاری تیرۆریستی دژی جەنابی پارێزگای کەرکوک و مادده یاساییەکەی کە پێی تۆمەتبارکراوان و ماوە و ساڵی سزاکەیان.
❖ نووسراوی سزادراوان و لیستی ناوەکانیان ژمارە 6748 لە 2016/5/24 تایبەت بە کردەوەی تیرۆریستی و مادده یاساییەکەی کە پێی تۆمەتبارکراوان و ماوە و ساڵی سزادانەکەیان.

❖ لیستی ناوی (51) سکاڵاکار و تۆمەتبارەکان و ئەو مادده یاساییانەی کە پێیان تۆمەتبارکراون.

وەک پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوک پێویستە هەڵوێستی رۆژانە بە سەرۆکی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و نوسینگەی سەرۆک وەزیران بدرێت لە بەغدا و لە راگەیاندنەکانیش بڵاوبکرێتەوە.

سەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر گومانلێکراوان، ئێمە پشت بە زانیارییەکانی هەواڵدەری نهێنی (مخبر سری) دەبەستین، بەڵام دوای ئەوەی لە زانیارییەکان دڵنیا دەبینەوە چونکە ئێمە هیچ کەسێک بە پشت بەستن بە زانیاری نادرووست دەستگیر ناکەین بۆ ئەم مەبەستەش چەند مەرجێکمان بۆ کاری هەواڵدەری نهێنی داناوە لەوانەش پێویستە فۆرمی خۆراک و رەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی کەرکوک بێت، هەروەها پێویستە بە قورئان سوێند بخوات لەسەر راستی و درووستی ئەو زانیاریانەی بە لایەنە ئەمنییەکانی دەدات.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە جگە لە لایەنە ئەمنییە فەرمییەکانی کەرکوک هەواڵگری حشدی شعبیش خەڵک دەستگیر دەکەن، هەروەها لە چەندین پرۆسەی هاوبەشی نێوان دژە تیرۆر و هێزە ئەمریکییەکان تاوانباران لە کەرکوک دەستگیر دەکەن و دەیانبەن بۆ هەولێر و سلێمانی و لەو پرۆسانەدا زۆر جار ئێمە وەک لایەنە ئەمنییەکانی کەرکوک ئاگادار ناکرێینەوە.

لە گوندی (مریم بگ) تەنیا تیرۆریستان و ئەوانەی شەڕیان کردووە دەستگیر کراون و بە هیچ شێوەیەک کەسانی سڤیل دەستگیر نەکراون بەڵام خێزانێکی ئەم گوندە چوار جار لەسەر کەناڵی (الشرقیە) رایانگەیاند کە هێزە کوردییەکان کوڕەکانیان دەستگیر کردووە ئینجا کوشتوویانە دوای ئەوەی بەدواداچوونمان کرد بۆمان دەرکەوت کوڕەکانیان هەموویان داعشن و بەرپرسیاریەتیشیان لە نێو داعشدا هەبووە.

لە گوندی (بای حسن) تۆڕێکی گەورەی تیرۆریستان دەستگیرکراوە کە چەندین کردەوەی تیرۆریستییان ئەنجامدابوو و لە ئەنجامی شەڕێکدا بەشێک لە ئەندامانی ئەم تۆڕە دەستگیرکران و بەشێکی زۆریشیان کوژران.

**(<u>لیوا هەڵۆ نەجات بەرپرسی ئاسایشی پارتی لە کەرکوک</u>)**

هێزە ئەمنییەکان بە پۆلیس و ئاسایشەوە ناو شار دەپارێزن، بەڵام دوای شەڕی داعش ئێمە لە کەرکوک کەوتینە نێو پرۆسەیەکی ئەمنی توند و بارودۆخێکی سەخت، چونکە چەندین دەروازی کراوە هەبوو بۆ کەرکوک ئەمەش بووە هۆی ئەوەی رۆژانە ئۆتۆمبیل و بۆمب لە ناوشار دەتەقییەوە و تیرۆریستان شانەی نوستووی جۆراوجۆریان درووستکرد. کۆنترۆڵکردنی شانە نوستووەکان و مامەڵە کردنی دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک لەگەڵ تیرۆریستان تا رادەیەکی زۆر سەختە و زۆر جار لە کاتی هەڵکوتان و دەستگیر کردن کارمەندانی هێزە ئەمنییەکان دووچاری تەقەکردن و تەقینەوەی بۆمبی چێنراو دەبینەوە، لە ناو شار مامەڵەی لایەنە ئەمنییەکان لەگەڵ پێکهاتە و لایەنەکان

تا رادده‌یەک ئاڵۆزە، بۆ نموونە ئێستا لیوایەکی حەشدی شعبی لە دووری نزیکەی (٥) کیلۆمەتر لە دەوروبەری کەرکوکن، ئێمە نازانین چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین و بەپێی زانیارییەکانمان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کار دەکەن و وەفدیان هەیە بۆ رایی کردنی کارەکانیان لە فەرمانگە حکومییەکان بەتایبەتی لە کۆمپانیای نەوت.

ئەرکی ئاسایش زیاتر پاڵپشتییە بۆ هێزەکانی پۆلیس بەتایبەتی لە کاتی شەواندا ئێمە مەفرەزە دەنێرین بۆ یارمەتیدانی پۆلیس، هەروەها لە کاتی هێرشەکانی داعش شان بە شانی برا پێشمەرگەکان لە بەرەکانی جەنگداین و تا ئێستا ئاسایش (١٨) شەهیدی هەبووە. سەبارەت بە پرۆسەی دەستگیر کردن هیچ کەسێک بەبێ فەرمانی دادوەر و دوای رەزامەندی لیژنەی ئەمنی کە لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکهاتووە دەستگیر ناکرێت و هەر کەسێک لەلایەنی هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیر بکرێت بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر دەمێنێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە دواتر بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، تەنیا لە هەندێک حاڵەتی تایبەت ئێمە گومانلێکراوان بەبێ فەرمانی دادوەر دەستگیر دەکەین بۆ نموونە لە ماوەی (١٠) رۆژدا سێ جار بیری نەوتی (خباز) لەلایەن تیرۆریستانەوە تەقێنراوەتەوە کە لە قەرەتەپەوە هاتوون، ئەم تیرۆریستانە لە قەرەتەپە چەندین بەرپرسی داعشیان هەیە و وەک دەوڵەتێک رەفتار دەکەن، بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە ئێمە (٤٠) کەسمان دەستگیر کرد و لێکۆڵینەوەمان لەگەڵیان ئەنجامدا و هەندێکیان ئازاد کران.

زۆر جار ئەوانەی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر دەکرێن لە دادگاوە ئازاد دەکرێن بۆ نموونە لە ماوەی نێوان 2016/5/1-1/1 دۆسیەی بۆ (٣٣٠) شانەی نووستووی داعش کراوەتەوە، (١٦٠)ئازاد کراون، (١٠) کەس ئیحالەی دادگای دیکە کراون، (٣٠) کەیس پێداچوونەوە (استئناف)یان بۆ کراوە، (٦٠) کەیس دادگا کردنیان تەواو نەبووە، (٢٥٠) کەس بەبێ مەرج ئازاد کراون.

لە کەرکوک نزیکەی (١١) دەزگای ئەمنی هەیە کە زۆریان ئاگایان لە چالاکییەکانی یەکتر نییە ئەمەش جۆرێک لە بێسەر و بەریی درووستکردووە بەتایبەتی لە پرۆسەی دەستگیرکردنی گومانلێکراوان، دادگاکان بە گشتی هاوکاریمان ناکەن و دادوەرەکان بە دەگمەن نەبێت فەرمانی دەستگیرکردنی بەرپرسی شانە نوستووەکان نادەن بە هۆی ترسیان لە کاردانەوەی داعش یان بونی خزم و کەسیان لە ریزەکانی داعش لە حەویجە نیشتەجێن، بۆ نموونە کەسێک هەبووە بە ناوی (وطبان) کە پێشتر پارێزەر بوو و دانی بە تاوانەکەی خۆی نا، بەڵام دوای یەک کاتژمێر ئازاد کرا. هەروەها کەسێک هەیە کە ماوەی (٥) ساڵ لەگەڵ (انصار السنه) بووە، یەکێکی دیکە کە تورکمانی تەلعفەرە و لە کەمپی لەیلان نیشتەجێیە بە ئاشکرا بە هێزە ئەمنییەکان دەڵێت: من (٥) کوڕم داعشە و دژی ئێوە شەڕ دەکات بەڵام دادوەر ئامادە نییە فەرمانی دەستگیرکردنیان دەربکات، هەر لە خانوویەکی ناو شاری کەرکوک (٢٥) کیلۆگرام (TNT) گیرا کەچی فەرمانی دەستگیرکردنی خاوەن ماڵەکە لەلایەن دادگاوە دەرنەچوو.

هەروەها چەند کەیسێکی دیکەمان هەبووە کە ماوەی (١٥) رۆژ لەلایەن دادوەرەوە دوا دەخرێت و ناجولێنرێت، بۆیە زۆر جار ناچاربووین فەرمانی دەستگیرکردنی گومانلێکراوان لە جەنابی پارێزگارەوە وەربگرین، کە هاوکارییەکی زۆری لایەنە ئەمنییەکان دەکات، هەروەها هەردوو کۆمپانیای (کۆرەک تیلیکۆم وئاسیا سێڵ) هاوکارییەکی زۆرمان کار دەکەن بەتایبەتی لە دەستنیشانکردنی شوێنی تیرۆریستان و پیلانەکانیان .

هەواڵدەری نهێنی کارێکی زۆر زەحمەت و مەترسیدارە، چونکە پێویستی بە بوونی بەڵگەنامەی درووست و سوێند خواردن و ئامادەبوون هەیە، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی دادگاکان و هاوکاری نەکردنمان زۆر جار زانیارییان دەربارەی هەواڵدەرە نهێنییەکانمان داوەتە داعش و تا ئێستا ٤-٥ هەواڵدەری نهێنیمان لەلایەن داعشەوە سەربڕاون، چونکە مەلەفەکانیان لەلایەن دادوەرەوە دزراوە.

لە گوندی (گوبیبە) کە ئێستا چۆڵە و تێکدراوە لە ئەنجامی روودانی شەڕی قورس تێیدا، ئاسایش هیچ کەسێکی لەو گوندە دەستگیر نەکردووە، بەڵام لە گوندەکانی (وحدە، سعد، مکتب خالد) کە ئەوانیش چۆڵن و شەڕی تێدا بووە (١٧١) کەسیان گیراون و دراونەتە دادگا. لە گوندی (مریم بگ) کە تێک نەدراوە رۆکێتی کیمیاوی لە تازە دراو.

سەبارەت بە هاوکاری و هەماهەنگیمان لەگەڵ لایەنە ئەمنییەکان ئێمە لەگەڵ ئاسایشی سلێمانی هەماهەنگی باشمان هەیە بەڵام لەگەڵ لایەنە ئەمنییەکان سەر بە حکومەتی ئیتیحادی ئەو هاوکارییە پێویستەیان نییە.

**(دکتۆر نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک)**

هەندێک خەڵک بەپێی زانیاری نادروست یاخود بە هۆی کێشەی شەخصی لەلایەن هەریەک لە هێزەکانی ئاسایش و پاراستن بە شێوەیەکی ناحەق دەستگیرکراون، ئەمە لە کاتێکدایە مەرج نییە هەموو ئەو کەسانەی لەم دامودەزگایانە کار دەکەن مرۆڤی باش بن و ئەو زانیاریانەی دەیلێن بە تەواوی دروست بێت، هەندێک خەڵک هەن کە بۆ پارە هەموو کارێک دەکەن بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشیە ئاسایشی پارتی و یەکێتی نمونەی زۆر جوانی پێکەوە کارکردنن لەو شارە.

هەندێک حاڵەتی کەمی کوشتن هەبووە لە کاتی دەستگیر کردن ئەوانەش ئەوانە بوونە کە لایەنە ئەمنیەکان دڵنیابوون لەوەی کە ئەمانە تیرۆریستن و لە ترسی ئەوەی کە دادوەر بڕیاری ئازادکرنیان بۆ دەرنەکات و لە ئەنجامی شەڕ کردنیان کوژراون، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکان سەرەڕای ئەوەی دان بە تاوانەکەیان دەنێن و بە بەڵگەوە دەسەلمێنرێ کە ئەمان تیرۆریستن کەچی دادگا فەرمانی ئازاد کردنیان بۆ دەردەکات و دووبارە دەگەڕێنەوە و دەبنە مەترسی بۆ ئاسایشی شارەکە. لێرەدا کێشەکە لە دادوەرەکانە، چونکە هەندێک لە دادوەرەکان کۆنە بەعسین و پشتگیری داعش دەکەن و هەندێکی دیکە خزم و کەسیان لە ناوچەکانی ژێر دەستی داعشە و ناتوانن هەموو بڕیارێک دەربکەن و هەندێکی دیکە

لە دادوەرەکان خۆیان ترسنۆکن و جورئەتی ئەوەیان نییە بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەنەوە. تەنانەت ئەو دوو تیرۆریستەی کە بە نیازبوون خۆیان بە منەوە بتەقێننەوە دوای دەستگیرکردن و دانپێدانانیان تەنها ١٥ ساڵ حوکم دران کە لەوانەیە لە ڕێگای تەمییزەوە سزاکەیان کەمتریش بکەنەوە، هەروەها کەسانی تیرۆریستی دیار و ناوداریش هەبووە دوای دەستگیرکردنی تەنها بە ٧ ساڵ سزادراوە. ئەگەر ئەو کەسانەی دەستگیر دەکرێن ناوەکانیان بدرێت بە من خۆم دوواداچوون دەکەم و پەیوەندی بە هەریەک لە ئاسایشی پارتی و یەکێتی و ئاژانشی پاراستن و دەزگای زانیارییەوە دەکەم و لەو کەسە دەکۆڵمەوە تا دەگەم بە دەرئەنجامێکی دروست.

لەبارەی گوندی (حومەیرە)وە کە دوای دەرچوونی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ئازاد کراوە، من خۆم چووم بۆ ئەو گوندە لەگەڵ ئامر لیوای ئەو ناوچە دانیشتم و پێی گووتم کە خەڵکی ئەو ناوچە خەڵکێکی زۆرباش بوون و زۆر هاوکارمان بوونە لە پێدانی زانیاری لەسەر داعش بەڵام لەلایەن پێشمەرگەوەماڵەکانیان وێران و دوواتر دەرکراوون لە کاتێکدا پێویستی بەوە نەدەکرد و زوڵمیان لێکراوە.

لە ناو گوندەکاندا هەندێک خەڵک هەن کە زۆر هاوکارمان بوونە وەکو گوندی(قەرەتەپە) کە دەڵێن ئێمە لە ناو گوندەکەمان کە (٤٠٠) خێزانە (٢٠ )کەسی سەر بە داعشمان لە ناوە و دەتوانن ئەوانە دەستگیر بکەن و لێپێچنەوەیان لەگەڵ بکەن نەک تەواوی گوندەکە بە هۆی ئەو چەند کەسەوە تووشی گرفت و گرتن و ماڵ وێران کردن ببن و بە چاوی تاوانبار سەیری هەمووومان بکەن. هەندێ کەسی دیکە هەن کە لە ترسی داعش پەیوەندییان بەو ڕێکخراوە کردووە و دواتر گەڕاونەتەوە و ئەوانە مەترسی جددی نین و ناویان لە لیستەکانی تیرۆردا نییە .

**<u>(دکتۆر کەمال کەرکوکی بەرپرسی میحوەری پێنجی کەرکوک)</u>**

ئێمە لە میحوەرەکەمان هیچ شوێنێکمان نییە بۆ دەستگیر کردنی خەڵک و بە هیچ کەسێک بە زۆرەملێ دەستگیر ناکەین، بەڵکو ئەو کەسانەی کە دڵنیاین سەر بە تیرۆریستانی داعشن ئێمە دەستگیریان دەکەین یاخود هاوکاری ئاسایش و پۆلیس دەکەین بۆ دەستگیر کردنیان بەڵام نایانبێرین بۆ کەرکوک، چونکە دڵنیاین کە تیرۆریستن و دانیش بە تاوانەکانیان دەنێن بەڵام دادگاکانی کەرکوک دووبارە ئازادیان دەکەنەوە هەروەها زۆر جار بەرپرسە باڵاکان لەسەر هەندێک کەیسی تایبەت دێنە دەنگ بۆ نموونە ئافرەتێکمان دەستگیرکرد کە لە حەویجەوە هاتبوو بە ناوی (مروه خلیل ابراهیم علی ویسی) کە باوکی والییەکی داعشە بوو و لە ئەنجامی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکان کوژراوە کاتێک دەستگیرمان کرد و منداڵێکی (٧) ساڵانەشی پێ بوو بە ئاشکرا پێی وتین: من داعشم و رقم لێتانە و بۆم بکرێ جەرگی هەموو پێشمەرگەکان دەردەکەم، بەڵام دوای دەستگیر کردنی ئوسامە نوجێفی سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و سەلیم جبوری سەرۆکی ئێستای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تەلەفۆنیان بۆ جەنابی سەرۆک کرد و داوایان کرد ئازادی بکەین.

لە گوندی بای حسن دوو تاوانبار کە دەستیان هەبوو لە تەقینەوەکەی (دبس) لەلایەن پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوک بە بەڵگەوە و دوای ئەوەی دانیان بە تاوانەکەیان نا دەستگیرکراون هەروەها بە پێویستی دەزانم ئەوەش روون بکەمەوە کە بە پێچەوانەی ئەو تۆمەتانەی دەخرێنە پاڵ پێشمەرگە بە دەستگیرکردنی خەڵک ئێستا بەشێک لە موختار وسەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵ داعشدا هەیە لەماڵەکانی خۆیان زیندانی نهێنییان هەیە و خەڵکی بێتاوان دەستگیر دەکەن و دەیاندەن بە داعش.

**<u>گوتەی خەڵکی ناوچەکە</u>**

**<u>(صباح نجم عبدالله شێخی گوندی هندیەی نوێ)</u>**

لەبەر ئەوەی لە گوندی ئێمە کەس نییە پەیوەندی بە داعشەوە کردبێت، بۆیە کەسیشمان دەستگیر نەکراوە تەنانەت لە کاتی تەقاندنەوەی بیرە نەوتییەکانی (خباز)شەوە کە زۆر لە ئێمەوە دوور نییە کەس لە گوندی ئێمە دەستگیر نەکراوە و هیچ گرفتێکیشمان بۆ دروست نەکرا لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، بەشێوەیەکی گشتی تەنیا لەو حاڵەتانەی کە (استثنائی)ن خەڵک لە ناوچەکەی ئێمە دەستگیر کراوە.

**<u>(علی احمد خلف موختاری گوندی هندیەی کۆن)</u>**

لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕ لە گوندی (هندیەی کۆن) هێزە ئەمنییەکان (٤-٥) کەسی گوندەکەیان برد و دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیان ئازادیان کردن، هەروەها بەر لە نزیکەی دوو مانگ دوو کەسی دیکەیان بە ناوەکانی (ماجد محمد عبدالله و حمد محمد عبدالله) دەستگیرکرد و ئێستا لە دژە تیرۆر دەستگیر کراون.

**<u>(اسود بنیان سلطان موختاری گوندی ادریس خزعل و زهیر اسود سلطان ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی یایجی)</u>**

لە کاتی دەستپێکردنی شەڕ لە ناوچەکە (٣٤) کەس لە دانیشتووانی گوندەکەمان بێ ئەوەی فەرمانی دادگا هەبێت بۆ دەستگیرکردنیان بۆ ماوەی (٧) رۆژ دەستگیرکران کە زۆربەیان قوتابی و فەرمانبەر بوون، بەڵام دوای ئەنجامدان لێکۆڵینەوە هەموویان ئازادکران و مامەڵەیەکی زۆر باشیان لەگەڵدا کرابوو ئەمەش بە هاوکاری راستەوخۆی بەڕێز پارێزگاری کەرکوک هەروەها دوو جار نوێنەری خۆی ناردە لامان دوای کۆتایی هاتنی شەڕ.

**<u>(برهۆ خلیل ابراهیم موختاری گوندی ادریس خباز)</u>**

گوندەکەمان رۆژی 2015/1/2 لە دەست داعش رزگار کرا کە تەنیا ٤-٥ کەسی بەساڵاچووی تێدا مابۆوە دوای پشکنینی گوندەکە هێزە ئەمنییەکان چەکی (ئار بی جی) یان لە ماڵی (حسین ثلج) دۆزییەوە، هەروەها چەکدارێکی داعش لە نێو کێڵگەکاندا مابووەوە و شەڕی دەکرد، (٣) رۆژ دوای ئازاد کردنی ئێمە نزیکەی (٧٠) کەسی نیشتەجێی

گوندەکە گەڕاینەوە واتە ئێمە بە کۆمەڵ گەڕاینەوە، بەڵام هەمووومان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی هەرێمەوە دەستگیر کراین و ئێمەیان بردە پۆلیسی تۆبزاوە و قەرەهەنجیر، منداڵ و پیرەکان تا کاتژمێر (١٠)ی شەو لە گۆڕەپانێک دانرابووین، هەندێکمان دوای لێکۆڵینەوە زوو ئازاد کران، ئەوانی دیکەش دوای (٥) ڕۆژ ئازاد کران تەنیا یەک کەس نەبێت کە ئازاد نەکراوە بە ناوی (احمد جاسم علاوی) وماڵی دەکەوێتە دەرەوەی گوند.

**سێیەم: ڕاگواستنی زۆرەملێ و گەڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ سەر زێدی خۆیان**

هیومەن ڕایتس ووچ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان تۆمەتی ئەوە دەخە پاڵ لایەنە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم کە ڕێگا نادەن خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵی و حاڵی خۆیان و مەبەستیان لەم کارە گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکەیە بۆیە بە زۆر عەرەبەکانی ناوچەکە لە شوێنەکانی خۆیان دووردەخەنەوە و لە شوێنی دیکە نیشتەجێیان دەکەن لە کاتێکدا کە خەڵکی ئەم بەشێک لەم ناوچانە ئارەزووی مانەوە و گەڕانەوەیان هەیە بۆ سەر زێدی خۆیان و دەیانەوێت لە ناوچەکانی خۆیان ژیانێکی ئاسایی دەستپێبکەنەوە.

لایەنە ئەمنییەکانی کەرکوک هۆکاری نەگەڕانەوەی خەڵک بۆ سەر شوێنی خۆیان بۆ شەڕ و بۆردومانی بەردەوام بە مەبەستی بەهێزکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست دەگەڕێننەوە و ئاماژە بەوە دەکەن کە بوونی خەڵک لە هەندێک لەو شوێنانە گیانیان دەخاتە مەترسی و دەبێتە هۆی ئەوەی داعش بارودۆخەکە بقۆزێتەوە دژی هێزەکانی پێشمەرگە، لە بەرامبەردا خەڵکی ناوچەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێکی خەڵکی ئەم گوندانە گەڕاونەتەوە سەر شوێنی خۆیان و ئەوانەی کە تا ئێستاش نەگەڕاوەنەتەوە بە هۆی بوونی شەڕ و نزیکیان لە هێڵی تەماس بوو و هەندێکیان بە ویستی خۆیان نەگەڕاونەتەوە و لە کەرکوک و دەوروبەری نیشتەجێن.

**گوتەی بەرپرسە سەربازی و حکومی و ئیدارییەکانی ناوچەکە**

**<u>(وەستا ڕەسول فەرماندەی میحوەری چواری کەرکوک)</u>**

لە تەق تەق تا دەگاتە داقوق (١٥٠) گوندی عەرەب نشینی تەعریب هەیە کە گوندەکانی کورد و تورکمانیان داگیرکردووە، بەڵام ئێمە کەسمان کۆچ پێنەکردووە و مامەڵەی باشمان لەگەڵیان کردووە بەڵکو بەشێکیان خۆیان شوێنەکانیان جێهێشتووە، لەلایەکی دیکەوە هەندێک لە گوندەکان خۆیان چۆڵن و کەسیان تێدا ناژی، هەروەها لە حەویجە کە لە دەست داعشدایە و نزیکەوە (٥٠) کیلۆمەتر لە کەرکوکەوە دوورە نزیکەی (٣٠%)ی دانیشتوانی کۆچیان کردووە بۆ کەرکوک، و لەبەر ئەوەی لە هێڵی پێشەوەی سەنگەرەکان مین و خەندەق هەیە، زۆر جار داعش ئەم خەڵکانە دەنێرن بۆ ئەوەی ڕێگایان پێ پاک بکرێتەوە و لەم ڕووەوە تا ئێستا چەند کەسێک بوونەتە قوربانی و بەپێی زانیارییەکان داعش پارەشیان لێدەسەنن.

ئێستا لە کەرکوک زیاتر لە نیو ملیۆن ئاوارە هەیە و ئەم پرۆسەیەش بەردەوامە ئێمە پێشوازییان لێدەکەین و هاوکارییان دەکەین، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئێمە خەڵک لە شوێنی خۆیان بە زۆرەملێ ناگوازینەوە، بەڵام هەوڵ دەدەین ئەو ئاوارانە لە یەک رێگاوە بێن بۆ ئەوەی سەنگەرەکانمان هەڵنەوەشێنرێنەوە و نەبنە ئامانجێک بۆ داعش. ئەو کەسانەی شوێنی خۆیان جێدەهێڵن و روو لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە دەکەن ئێمە رێزیان لێدەگرین و دوای ئەوەی بە رێوشوێنە ئاساییەکانی بازگەکاندا تێپەڕ دەبن دەیانێرین بۆ کەمپی (نزراوە) و هاوکارییەکی زۆریشیان دەکەن بەتایبەتی شێخ و کەسایەتییە دیارەکانیان و زۆر جار بە ئۆتۆمبیلەکانی خۆمان دەیانێرین بۆ کەمپەکان و لەم رووەوە پۆلیسیش هاوکارییەکی زۆری ئێمە دەکات، چونکە کۆنترۆڵکردنی سەنگەرەکان و پێشوازی کردن لە ئاوارەکان لە یەک کاتدا کارێکی ئاسان نییە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ماوەی رابردوودا (٤٢٠) کەس لە رێگای سەنگەرەکانی ئێمەوە هاتوون و لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاریان کردوون.

**(عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا ناحیەکانی کەرکوک)**

زۆر جار خەڵکی ناوچەکان خۆیان شوێنەکانی خۆیان چۆڵ دەکەن و هەوڵ دەدەن لە ناوچەکانی شەڕ دوور بکەونەوە بۆ نموونە بەشێکی دانیشتووانی گوندی (مکتب خالد) روویان لە کەرکوک و حەویجە کردووە، رۆژی 2014/11/26 شەڕێکی قورس لەو گوندە روویدا و هاوپەیمانان رایانگەیاند (٤) ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو لەو گوندە ئامادە کراوە و دواتر هاوپەیمانان تەقاندوویانەتەوە.

هەروەها گوندی مریم بگ دەکەوێتە ئەو دیوی پرۆژەی ئاودێری (ری صدام) کە دەکەوێتە پشت سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە و بەردەوام لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە بۆردوومان دەکرێت، بۆیە لەلایەن خەڵکەکەی چۆڵ کراوە و ناتوانن بگەڕێنەوە، ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی بە هێزە ئەمنییەکانەوە نییە و بە هیچ شێوەیەک رێگایان لێ نەگیراوە بگەڕێنەوە.

**(لیوا هەڵۆ نەجات بەرپرسی ئاسایشی پارتی لە کەرکوک)**

رۆژانە نزیکە (١٠٠-٢٠٠) ئاوارە روو لە کەرکوک و دەوروبەری دەکەن ئەمەش ئەرکێکی زەحمەتە و رێکخراوە مرۆییەکان وەکو پێویست هاوکاریمان ناکەن و لە کاتژمێر (٣)ی دوای نیوەڕۆ دەرگاکانی خۆیان دادەخەن. بۆ رێکخستنی هاتنی ئاوارەکان کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخەکە بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر ئاوارەکان لە (دبس) دەمێننەوە دواتر بۆ کەمپەکانی لەیلان و یەحیاوا دەگوازرێنەوە و شوێنیان بۆ دابین دەکرێ، بەڵام بەشێکیان لە کەمپەکاندا بە واستە دەهێنرێنە دەرەوە و دێنە ناو سەنتەری شار، تەنانەت هەندێکیان ناسنامەی ساختەیان بۆ کراوە تاکو بتوانن بێنە بۆ ناو شاری کەرکوک.

بارودۆخی ئاوارەکان بە گشتی خراپە ئەمەش دەبێتە هۆی تێوەگلانیان لەگەڵ تیرۆریستان کە پێویستە لە کەمپەکان نیشتەجێ بکرێن و بخرێنە ژێر چاودێرییەوە، هەروەها بەشێکی زۆریان لە ترسی هێرش و دەستدرێژی گرووپەکانی (الحشد الشعبی) ئامادە نین بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

گوندی (گوبیبە) بە هۆی هێرشی هێزە ئەمنییەکان و بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکان چۆڵ کراوە و ئێستا زۆربەی دانیشتووانی لە کەرکوک نیشتەجێن، هەروەها دانیشتووانی گوندەکانی (بای حسن و مالحە) لەبەر ئەوەی لە هێڵەکانی تەماسەوە نزیکن گواستراونەتەوە بۆ کەمپەکان.

**(دکتۆر نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک)**

لە هەر شوێنێک شەڕ هەبێت رێوشوێنی تایبەت دەگیرێتە بەر لە هەموو بوارەکاندا لەوانەش گواستنەوە و دوورخستنەوەی خەڵکی سڤیل لەو شوێنانەی لە هێڵەکانی تەماسەوە نزیکن، تەنها لە ساڵی ٢٠٠٦ نزیکەی (٧٠٠٠) خانەوادەی عەرەب هاتوونە کەرکوک و ماونەتەوە کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەی سەلاحەددینن و ناگەڕێنەوە، چونکە ئاوارەکانی ئەو شوێنانەی کە سوننە و شیعە تێکەڵن ئامادە نین بگەڕێنەوە، بۆ نموونە ساڵێک زیاترە دیالا ئازاد کراوە کەچی خەڵکەکەی ئامادە نین بگەڕێنەوە سەرەڕای ئەوەش ئێمە کەسمان بە زۆر نەناردۆتەوە سەر زێدی خۆیان.

هەروەها دوای هێرشەکانی داعشیش سەدان هەزار ئاوارە رووی لە کەرکوک کردووە بە جۆرێک ئێستا نزیکەی (٦٠٠،٠٠٠) شەش سەد هەزار ئاوارەی شارەکانی (ئەنبار، موسڵ، تکریت، دیالا) روویان لە کەرکوک کردووە لە نێویاندا (70) هەزار قوتابی هەن کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا دەخوێنن ئەمەش بارگرانییەکی زۆری بۆ پارێزگای کەرکوک درووستکردووە، حکومەتی عێراقیش زۆر کەمتەرخەم بووە لە هاوکاری کردنیان، چونکە لە ماوەی دوو ساڵدا تەنیا (٦) ملیۆن دۆلاری ناردووە بۆ کەرکوک بەڵام بۆ شارێکی وەک نەجەف کە تەنها (٥) هەزار ئاوارەی لێیە نزیکەی (٧٠) ملیۆن دۆلاری ناردووە. ئێمە وەکو ئیدارەی کەرکوک حەز دەکەین ئەو ئاوارانە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، بەڵام ئەوانە زیاتر حەز دەکەن روو لە شاری کەرکوک بکەن نەک بگەڕێنەوە.

**(دکتۆر کەمال کەرکوکی بەرپرسی میحوەری پێنجی کەرکوک)**

لەو گوندانەی میحوەری ئێمە دەرکردن یان رێگاگرتن لە گەڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ سەر زێدی خۆیان نەبووە بەڵام زۆر لە گومانلێکراوەکان دوای دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان دەیاننێرین بۆ کەمپەکانی (لەیلان و نزراوە)، لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی حەویجە و دەوروبەری کە ئێستا شوێنەکانی خۆیان جێهێشتووە داوایان کردووە رێگایان پێ بدەین کە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان بەڵام دوای ئەوەی ئێمە دڵنیا بووین کە پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە و تاوانبارن و ئەگەر بگەڕێنەوە رەنگە دووبارە بێن و دژی ئێمە شەڕ بکەن نەمانهێشتووە بگەڕێنەوە،

هەروەها هەندێکی دیکە لە خەڵک لەبەر ئەوەی ناوچەکەیان دەکەوێتە هێڵی تەماسەوە یان گومانیان لەسەرە، ڕێگامان پێیان نەداوە بگەڕێنەوە، بەڵکو ناردوومانە بۆ کەمپەکانی لەیلان و نزراوە، بەداخەوە بەپێی زانیارییەکانمان لە لایەن ئاسایش یەکێتی و پارتی لە کەمپەکان دەرهێنراون و ئێستا ئازادن.

لە ئەنجامی هێرشە دڕندەکانی داعشی تیرۆریست کە لە پارێزگا و قەزا و ناحیە جیاجیاکانی عێراق ئەنجامیدا و بووە هۆی ئەوەی ئەو ناوچانە بکەونە دەست چەتەکانی داعش و لە ئەنجامدا بوو بە هۆی دەربەدەربوونی خێزانەکان و دانیشتوانی ئەو ناوچانە و ڕاگواستنیان بۆ پارێزگا ئارامەکان.

**گوتەی خەڵکی ناوچەکە و هۆزە عەرەبەکان:**

**(شێخ صباح نجم الدين شێخی گوندی هندیەی نوێ)**

هیچ کەسێک لە گوندی ئێمە دەرنەکراوە و ڕێی لێنەگیراوە بگەڕێتەوە، لایەنە ئەمنییەکان هاوکارییەکی زۆرمان دەکەن بەتایبەت ئەو هاووڵاتییانەی کە پەیوەندییان بە داعشەوە نەبێت، بەڵام ئەوانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە یان گومانلێکراو و تاوانبار بن و بەڵگەیان لەسەر هەبێت ئەوا لایەنە ئەمنییەکانی بەپێی یاسای مامەڵەیان لەگەڵیاندا کردووە.

**(علی احمد خلف الجبوری موختاری گوندی هندیەی کۆن)**

لە کاتی هاتنی داعش ئێمە ناچار بووین گوندی خۆمان جێبهێڵین، بەڵام دوای ئازاد کردنەوەی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، ئێمە گەڕاینەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆمان و نە کەس لە گوندەکەی ئێمە دەرکراوە و نە ڕێگاش لە کەس گیراوە کە بگەڕێتەوە.

**(اسود بنيان سلطان موختاری گوندی ادريس خزعل و زهير اسود سلطان ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی يايجی)**

لە گوندی ئێمە کەس نییە کە پەیوەندی بە داعشەوە هەبێت، بۆیە نزیکەی (٥٠ %)ی دانیشتووانی گەڕاونەتەوە و ئەوانی دیکەش زۆربەیان لە ناحیەی یایجی، دبس و کەرکوک نیشتەجێن و بە ئارەزووی خۆیان نەگەڕاونەتەوە.

**(برهۆ خليل ابراهيم موختاری گوندی ادريس خباز)**

بە هۆی شەڕ و پێکدادانەکان و مانەوەی داعش لە ناحیەی (الملتقى) ئێمە نەمانتوانی بگەڕێینەوە گوندەکەی خۆمان، بۆیە (١٥) ڕۆژ دوای ڕزگارکردنی گوندەکەمان بەشێکمان گەڕاینەوە، لە ڕۆژی ٢٠١٥/١/٧ پارێزگار نووسراوی کرد بۆ گەڕانەوەمان و گەڕاینەوە بێ ئەوەی هیچ ڕێگرییەکمان لێ بکرێت.

دوای گەڕانەوەمان بینیمان لەسەر دیواری چەند خانووەک نووسراوە ( عاشت قوات بدر و عاشت قوات الخوراسانیە)، داعش چەند ئۆتۆمبیلێکی ئێمەیان بردبوو. دوای ئازاد کردنی گوندەکەشمان (٤) ئۆتۆمبێلی تۆیۆتا مەرزیە بردران، بەڵام دواتر (٣)یان گەڕێندرانەوە تەنها یەکیان ماوە کە تا ئێستا نەگەڕێندراوەتەوە. جگە لەو ئۆتۆمبیلانە تراکتۆرێک تەقێندرابۆوە و چەند ئامێرێکی دیکەی کشتوکاڵیشمان بردراوە، بۆ گێڕانەوەی ئەم کەلوپەلانە و قەرەبوو کردنەوەمان سکاڵامان دژی (مجهول) پێشکەش کردووە بۆ گەڕانەوەیان، پێویستە ئەوەش بڵێین کە حکومەتی ئیتیحادی هیچ هاوکارییەکی ئەم ناوچەیەی نەکردووە تەنانەت ئەو کارتەی کە بە (کارتی یەک ملیۆنی)ی هاوکاری کردنی راگوێزراوانیش ناسراوە ئێمە وەرمان نەگرتووە.

**چوارەم: ئازادی هاتوچۆ هاووڵاتیانی سڤیل**

سەبارەت بە رێگری کردن لە هاتوچۆی هاووڵاتیانی سڤیل لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە دوای شەڕی داعشەوە بە بەردەوام رەخنە لە هێزە ئەمنییەکان دەگرن بەوەی رێگە بە هاتووچۆی هاووڵاتیانی عەرەب نادەن بەتایبەت ئەوانەی کە ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە و روویان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە کردووە. دامودەزگا حکومییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە بە هۆی بەردەوامی شەڕی داعش و مەترسی ئەمنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەندێک ڕێوشوێنی ئەمنیان گرتووەتەبەر بەتایبەت لە هەندێ ناوچەی دیاریکراو کە زۆرترین مەترسی دزەکردنی تیرۆریستانی لەسەرە، ئەم ڕێوشوێنانەش زیاتر بۆ هاووڵاتییە عەرەبەکانە بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە دزەکردنی تیرۆریستان بۆ ناو کوردستان، بەڵام هاووڵاتیانی عەرەبی ناوچەکە ئەوەیان پێراگەیاندون کە پێویستە میکانیزمێکی یەکسان هەبێت بەبێ جیاوازی بۆ هاووڵاتیانی ناوچەکە.

**<u>گوتەی بەرپرسە سەربازی و ئیداری و حکومی و حزبیەکان</u>**

**<u>(لیوا هەڵۆ بەرپرسی ئاسایشی کەرکوک (پارتی)</u>**

ئێستا لە کەرکوک زیاتر لە شەش سەد هەزار ئاوارە هەیە ئەمەش ئەرکی لایەنە ئەمنییەکانی زەحمەت کردووە، لایەنە ئەمنییەکان زۆر لەو ئاوارانە دەنێرنە کەمپەکان بۆ ئەوەی لەوێ نیشتەجێیان بکەن، چونکە دەتوانن زیاتر هاوکارییان بکەن هەروەها کۆنترۆڵکردنیشیان ئاسانتر دەبێت، بەڵام لەوێ زۆر جار بە واستە لە کەمپەکان دێنە دەرەوە. ئەو هاووڵاتییە عەرەبانەی لە هێڵەکانی پێشەوە دێن بەپێی فەرمانی میحوەرەکان نابێ مۆبایل و ناسنامەی پێ بێت واتە لێیان وەردەگیرێت ئەمەش وەک ڕێوشوێنێکی ئەمنی پیادە دەکرێت.

**<u>(عەقید دلێر مەحمود حەسەن بەرپرسی هۆبەی بازگەکانی کەرکوک)</u>**

پارێزگاکەی ئێمە پشکی شێری بەرکەوتووە لە ڕاگوێزرانی خێزانەکان و بە بارودۆخێکی نامرۆییانەی زۆر ناخۆش دا تێپەڕیوە لە توندوتیژی و برسێتی و تینوێتی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانبەرەکانمان لە پلەدار و زوبات بەڵێنیان بەخۆیانداوە کە بەرپەرچی ئەو هێرشانە بدەنەوە و هەموو ئەو فەرمانانەی پێیان دەکرێت جێبەجێی بکەن و هەردەم ئامادەن بۆ کاری مرۆیی و پاراستنی ئاسایش وە پێشوازیکردن لەو خێزانە ڕاگوێزراوانە.

ئەوان لەژێر بارودۆخی ئەمنی زۆر توند هەڵساون بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و پێشکەشکردنی ئەرکی مرۆیی لە پێدانی ئاو و خواردن بۆ ئەم خێزانانە بەپێی توانا و هەروەها جێبەجێکردنی ئەرکی ئەمنی خۆبان بیرنەچووەتەوە لە پشکنینی ورد و سەیرکردنی نووسراو و دۆکیومێنتەکانی ئەو خێزانانە و ئاگادار بوون لە ناوی داواکراوان لە ترسی ئەوەی کە ئەندامانی ئەو گروپانە ئەو هەلە بقۆزنەوە و خۆیان بخزێننە نێوان ئەو خێزانە ڕاگوێزراوانە روو بکەنە ناوەندی شارەکە و هەر بەمشێوەیەش نزیکەی (50) کەسیان دەستگیرکرد کە بە پێی ماددەی (٤) لە یاسای دژە تیرۆر داواکراو بوون.

هەروەها سەیارەیەکی بۆمبڕێژکراویان ئاشکراکرد کە لەلایەن کەسێکی خۆکوژەوە ئامادەکرابوو بۆ ئەوەی بێتە ناو ئەم پارێزگایە و بیتەقێنێتەوە بەڵام لەلایەن بەرپرسی خاڵی پشکنین و کارمەندەکانی لەخاڵی پشکنینی حوزەیران کە پێشتر ناوی(شوهداء) بوو ئاشکراکرا و هەوڵیاندا بیوەستێنن بەڵام خۆکوژەکە بە ئۆتۆمبیلەکەوە خۆی تەقاندەوە و بوو بەهۆی شەهید بوونی بەرپرسی خاڵی پشکنینەکە و سێ لە کارمەندەکانی وە هەروەها  بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندان و هاوڵاتیانی سڤیل کە لەو شوێنە بوون، لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەشماندا ئەندامانی هەواڵگری و دژەتیرۆری کەرکوک هێزی ئاسایش هاریکاری زۆریان کردووین.

سەرەڕای ئەمانەش خاڵەکانی پشکنین دوابەدوای وردبینکردن لە دۆکیومینتەکانی ئەو خێزانانە و دڵنیابوون لە بێتاوانیان لەلایەن هۆبەی خاڵەکانی پشکنینەوە بە ئۆتۆمبێلی تایبەت کە لەلایەن رێکخراوە مرۆیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیەوە بەهاریکاری لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئامادەکراون دەگوازرێنەوە بۆ کەمپەکان. تائێستا ژمارەی ئەو ڕاگوێزراوانە بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق هەیە لە پارێزگای کەرکوک دەگاتە 600000 هەزار ڕاگوێزراو کە گشتیان بە خاڵەکانی پشکنینی هۆبەکانماندا ڕەت بوون.

ئەو هێمنی و ئارامییەی کە لە پارێزگاکەمان هەیە لە کاتی ئێستادا بەهۆی هەوڵ و کۆششی هۆبەکانی خاڵەکانی پشکنین سەربە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک کە ئەو خاڵانەی پشکنین وەک دەروازەیەک وایە کە تیرۆرستان دەیانەویت لەڕێگەیەوە بێنە ژوورەوەو تاوانەکانیان ئەنجام بدەن لە تیرۆر و تەقاندنەوە.

ئەو رێوشوێنانەی لەبازگە وخاڵەکانی پشکنین بەرامبەر بەو هاوڵاتیانەی کە لە پارێزگاکانی دیکەوە روو لە پارێزگای کەرکوک دەکەن بەمشێوەیەیە:

- سەبارەت بەو هاووڵاتیانەی کە لە پارێزگاکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراقەوە دێن و نەکەوتوونەتە دەست تیرۆریستانی داعش، دەست دەکرێت بە ووردبینکردنی ناسنامەکانیان لەڕێگای ئەو داتا و زانیارییە تایبەتانە لەڕێگای کۆمپیوتەر و بنکەی زانیاریەکان کە لە دەزگای هەواڵگری و ئاسایشی نیشتمانی لە خاڵەکانی پشکنین ئەندامیان هەیە وە دوابەدوای دڵنیابوون لە بێتاوانیان و بەشێوەیەکی ئاسایی ڕێگەیان پێدەدرێت بۆ چوونە ژوورەوە.

- سەبارەت بە هاوڵاتیانی ئەو پارێزگایانەی کە لە لایەن چەتەکانی داعشەوە داگیرکراون، خاڵەکانی پشکنین هەڵدەستن بە ئەنجامدانی هەمان ڕێوشوێن کە لە خاڵی یەکەم ئاماژەمان پێدا و  هەروەها پشتبەستن بەو زانیاریانەی کە لەلایەن دەزگاکانی هەواڵگری، ئاسایشی نیشتیمانی و مەفرەزەکانی ئاسایش پێیاندەگات لەو ناوچانە.

- سەبارەت بە هاووڵاتیانی ئەو ناوچانەی کە لەلایەن تیرۆرستانی داعش داگیرکراوە و دانیشتوانەکەی لە پێکهاتەی جیاجیا پێکهاتووە هەمان ڕێوو شوێنی خاڵەکانی 1 و 2 دەگیردرێتە بەر بەبێ جیاوازیکردن لە نێوان پێکهاتەکان.

- سەبارەت بەو هاوڵاتیانەی کە هیچ زانیاریەکی هەواڵگریان لەسەر نییە و لەو پارێزگایانەوە دێن کە لەلایەن داعشەوە داگیرکراون دوای ئەوەی دڵنیا دەبین لە بێتاوانیان لە ڕووی یاساوە ڕێگەیان پێدەدرێت بچنە ناو پارێزگاکە و بچنە ناو ئەو کەمپانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی یوئێن و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ ئینجا فایلەکانیان تەسلیم بە پۆلیس و ئاسایش و موختاری ناوچەکە دەکرێن، بەمەبەستی دیاریکردنی زانیاری تایبەت وە تەنسیقکردن لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی.

- سەبارەت بە و هاوڵاتیانەی کە لە پارێزگاکانی باکوورەوە دێن و دەچن بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و بە پارێزگای کەرکوکدا ڕەت دەبن وە بە پێچەوانەوەش خاڵەکانی پشکنین هەڵدەستن بە ڕێکخستنی پسوولەی تایبەت وە وەرگرتنی دۆکیومێنتەکانیان و گواستنەوەیان لەو خاڵانەی پشکنین کە لێی دێنەژوورەوە بۆ ئەو خاڵە پشکنینەی کە لێی دەردەچن بۆ پاراستنی سەلامەتیان لە لێپرسینەوە  لە لایەن مەفرەزەکانی ناوخۆی کە لەناو پارێزگان و گەیاندنیان بە زووترین کات.

- سەبارەت بە هاوڵاتیانی کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و ناسنامەی نشینگەی تایبەتیان بۆ ئامادەکراوە  لەلایەن هەرێمەوە خاڵەکانی پشکنینمان هەڵدەستن بە وردبینکردن و دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی ئەو ناسنامانی نشینگە و ڕێگەپێدانیان بۆ چوونە ژوورەوە و دەرچوون بۆ ناو پارێزگا لەدوای گرتنەبەری ڕێو شوێنەکان.

**<u>(دکتۆر نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک)</u>**

ئەو ئاوارە و راگوێزراوانەی روویان لە کەرکوک کردووە لە کەمپەکانی لەیلان و نزراوە نیشتەجێ دەکرێن کە لە هەردوو کەمپەکە (٢٠٠٠) خێزانی تێدا نیشتەجێیە، لەکاتی هاتنیان ناسنامەکانیان لێ وەردەگیرێت بەتایبەتی ئەو خێزانانەی کە گومان لەسەر ناو و ناسنامەکانیان هەیە لە کەمپی نزراوە کە شوێنی (١٥٠٠) خێزان دەبێت، ئێستا تەنیا (٦٠٠) خێزانی تێدا ماوە، ئەمانە ئازادن لە هاتوچۆ کردن و بنکەی تەندروستییان هەیە و هەر کەسێک پێویستی بە چارەسەر بێت و لە کەمپەکە چارەسەر نەکرێت ئەوا دەنێردرێنە کەرکوک بەتایبەتی ئەوانەی کە پزیشک داوا دەکات لە کەرکوک چارەسەر بکرێن.

**<u>(دکتۆر کەمال کەرکوکی بەرپرسی میحوەری پێنجی کەرکوک)</u>**

دانیشتوانی گوندەکان و ئەوانەی کە لە کەمپەکانیش نیشتەجێ کراون ئازادن لە هاتوچۆ کردن بەپێی ئەو رێوشوێنانەی کە بۆیان دیاریکراوە، هەروەها ئێمە ئاسانکاری بۆ هاتوچۆی ئەو رێکخراوە خێرخوازیانەش دەکەین کە داوا دەکەن سەردانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە و داعش بکەن، تەنانەت رێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی داو دەرمانی بۆ برینداراانی داعش بردووە و ئێمە بە هیچ شێوەیەک رێگامان لێیان نەگرتووە.

**گوتەی خەڵکی ناوچەکە و هۆزە عەرەبەکان**

**<u>(شێخ صباح نجم الدین شێخی گوندی هندیەی نوێ)</u>**

ئێمە ئازادین لە هاتوچۆ کردن بۆ شاری کەرکوک و هەر شوێنێکی دیکە و هیچ جیاوازییەکمان نییە لەگەڵ خەڵکی دیکە، تەنانەت لە نیوەی شەویشدا ئێمەدا دەتوانین سەردانی شاری کەرکوک بکەین بەتایبەتی لە حاڵەتی بوونی نەخۆشیدا، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم ئێمە لە سەردەمی زێڕینی خۆماندا دەژین.

**<u>(علی احمد خلف الجبوری موختاری گوندی هندیەی کۆن)</u>**

دەزگا ئەمنییەکانی ناوچەکە سەبارەت بە مەسەلەی هاتوچۆ ئاسانکاریمان بۆ دەکەن بەتایبەتی حاڵەتی بوونی نەخۆشی کە پێویستییان بە چارەسەر بێت، بەڵام پێشتر پۆلیسی نەوت کە سەر بە حکومەتی ئیتیحادییە وەک رێوشوێنێکی ئەمنی بۆ پاراستنی بیرە نەوتەکان رێگای بە ئێمە نەدەدا لە دوای کاتژمێر (٧)ی شەو هاتوچۆ بکەین تەنیا لە حاڵەتی تایبەت نەبێت ئێستاش هەمان یاسا لەو ناوچەیە پەیڕەو دەکرێت.

دیارە هێزێکی ئەمنی تایبەت بە پاراستنی بیرە نەوتیەکان نییە بۆیە هیواداریین بەرپرسەکان هێزێک لە رۆڵەکانی ناوچەکە پێک بهێنن بۆ پاراستنی ئەم بیرە نەوتیانە، چونکە ناوچەکە بە گشتی دەبوژێتەوە و ژیانی ئێمەش باشتر دەبێت لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی بیرە نەوتەکان لەلایەن تیرۆریستانە نەتەقێنرێنەوە.

**(اسود بنیان سلطان موختاری گوندی ادریس خزعل)**

تا رادەیەکی زۆر هێزە ئەمنییەکان هاوکاریمان دەکەن بۆ هاتوچۆ کردن و ئاستەنگمان بۆ درووست ناکەن و ئێمە ئازادین لە هاتوچۆ کردن بۆ کەرکوک، بەڵام بەپێی چەند رێنماییەکی پۆلیسی نەوتی کەرکوک و ئەویش بە مەبەستی پاراستنی بیرە نەوتەکانە و لە دوای کاتژمێر (٧)ی شەو هاتوچۆ لەو ناوچەیە قەدەغەیە تەنیا لە حاڵەتی زۆر تایبەت نەبێت وەک نەخۆش، ئەم رێنماییانە لەو کاتەش جێبەجێ دەکران کە فیرقەی (١٢) ی سوپای عێراقیش لێرە بوون بەر لە هاتنی داعش واتە پەیوەندی بە لایەنە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستانەوە نییە.

## پێشنیارەکان بۆ مەبەستی چارەسەری

1. پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ستراتیژیەتێکی روون و ئاشکرا دابڕێژرێ لە رووی سیاسی و ئەمنی و کارگێڕی و ئاوەدانکردنەوە و پێکەوەژیان بەتایبەتی لەگەڵ پێکهاتەی عەرەبی لە سنووری پارێزگاری کەرکوک و دەوروبەری کە بەشێکی زۆری وێرانکاری لە ناوچەکانیاندا روویداوە.
2. لەرووی هاتوچۆی هاووڵاتییە عەرەبەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان لە سنووری پارێزگای کەرکوک و نەهێشتنی جیاوازی، پێویستە میکانیزمێکی نوێ ( رێنمایی نوێ) دابنرێت بە لەبەرچاوگرتنی حاڵەتی ئەمنی ناوچەکە.
3. پێویستە بیر لە میکانیزمێک بکرێتەوە کە تەواوکەری هەواڵدەری نهێنی بێت لەرووی دەستگیرکردنی گومانلێکراوان، بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە شەفاف بێت و لایەنە ئەمنییەکان بە تایفەگەری و پەلاماردانی عەرەب لە ناوچەکە تۆمەتبار نەکرێن.
4. دانانی رێوشوێنێکی گونجاو بۆ ئەوەی عەرەبەکانی ناوچەکە هاوبەش بن لە رووی بەرپرسیاریەتی بۆ راگرتنی سەقامگیری ناوچەکە، گرنگە میکانیزمێک دابنرێت کە لە چوارچێوەی دامەزراوە ئەمنییەکان بەشدارییان پێ بکرێت ( ئەمنیەتی بیر و بۆڕییەکانی نەوت).
5. بە باشی دەزانین بە چەند قۆناغێک ئالیەتیکی تایبەت دابنرێت بۆ گەڕاندنەوەی راگوێزراوەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان بەتایبەتی ئەو شارۆچکانەی کە بەشێکیان یان هەندێکیان ئارامن و تا رادەیەک خزمەتگوزاریان تێدا هەیە یانیش ئەو گوندانەی کە مەترسی ئەمنییان لەسەر نییە و خەڵکەکەشی خۆی ئارەزوو دەکات بگەڕێتەوە.
6. سوتاندن و وێرانکردنی خانووی هاووڵاتیانی سڤیل بووەتە هۆی نەمانی متمانە بە هێزە ئەمنییەکان، لێرەدا پێویستە وەک هەنگاوی یەکەم میکانیزمێک دابنرێت لەگەڵ کەرتی تایبەت یان گشتی بۆ نەهێشتنی ئاسەواری خانووە تێکدراوەکان.
7. ئەگەر بە رادەیەکی کەمیش بێت لە رێگای رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان دەزگا خێرخوازییەکان هەوڵ بدرێت لە هەندێک گوند یان شارۆچکە بەشێک لە خزمەتگوزاری سەرەکی و هەندێک کەرەستەی درووستکردنی خانوو دابین بکرێت بۆ ئەوەی ئەو پەیامە بگات کە ئەوەی روویداوە ئەنقەست نەبووە و مەبەستمان داگیرکردنی خانوو و زەوییەکانیان نییە.
8. لەرووی میدیا و راگەیاندنی پێویستە میکانیزمێک دابڕێژرێت لە کاتی سەردانی ناوچە تازە ئازادکراوەکان و بەرەکانی جەنگ بۆ ئەوەی سەردانەکان بە کراوەیی و لە هەموو کاتێکدا نەبێ و

لە هەمان کاتدا، بەشێوەیەکی کاتی ڕێگا بگیرێت لە رووماڵ کردنی ئەو وێرانکارییەی کە ڕوویداوە.

9. بەشێک لە ڕاگوێزراوەکانی کەرکوک لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە هاتوون لە ترسی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ناگەڕێنەوە تەنانەت ئەوانەی کە ناوچەکانیشیان رزگار کراوەتەوە، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە و دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی عەرەب لە پارێزگای کەرکوک، وا باشە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان میکانیزمێکی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ گەڕانەوەیان.

10. دادوەرانی کەرکوک کە بەشی هەرەزۆریان عەرەبن، ئاستەنگ دەخەنە بەردەم هێزە ئەمنییەکان لەرووی یاسایی و ڕێوشوێنی لێکۆڵینەوەکان، بۆیە پێویستە لە ڕێگای ئەنجوومەنی دادوەری هەرێم میکانیزمێک دابنرێت لەگەڵ دادگاکانی کەرکوک بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دادوەری هاوکار و ئاگادار بێت لە پرۆسەی دادگایی کردنی دەستگیر کراوەکان.